# من و کوردایەتی!

(سەرەتایەك بۆ گفتوگۆی ئەفسانەکانی کوردایەتی)

# من و کوردایەتی!

## (سەرەتایەك بۆ گفتوگۆی ئەفسانەکانی کوردایەتی)

هاوڕێ باخەوان

سلێمانی
٢٠٢٥

ئەم نووسینە ساڵی ٢٠١٨ نووسراوە و سەرەتا بە شێوەی
دیجیتاڵی بڵاوکراوەتەوە.

ناوی کتێب: من و کوردایەتی!
نووسینی: هاوڕێ باخەوان
پیتچنین: نووسەر
نەخشەسازیی بەرگ و ناوەرۆك: پەیام ئەحمەد
چاپ: چاپخانەی یاد
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم- ٢٠٢٥- سلێمانی
تیراژ: (٥٠٠) دانە

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی (٢٠٨٧)ی ساڵی (٢٠٢٥)ی پێدراوە.

## چەند وتەیەک

ساڵانێکە چەندین بیرۆکە و یاداشت و تێبینی بە مێشکمدا دێــن و دەڕۆن. هەندێــک لەوانە بوونەتــە مۆتەکە لام و لێم نابنــەوە! ئەگەرچی من نە لە حیزبایەتی، پێشــمەرگایەتی و کوردایەتی هیچ رۆڵێکی ترسناک یان زۆر بەرچاوم نەبووە، بــەڵام دوور و نزیک ئــاگاداری گەلێــک رووداو بووم و لە هەندێکیاندا خۆم شــایەتی بووم.. پێم باش بوو ئەو یاداشت و تێبینیانــەم لەگــەڵ تۆدا بــەش بکەم و تــۆش لەگەڵ مندا لە ئەفســانەکانی کوردایەتی بکۆڵیتــەوە.. زۆر حەزم دەکرد کوردایەتی ئەو ئایدۆلۆژیایە بێت کە کوردســتانێکی ئازاد و گەلێکی یەکســان و بەختیار بهێنێتەکایەوە.. بەڵام بەداخەوە نەک هەر وانییە، بەڵکو تەواو پێچەوانەیە.

ئەم نووسینە کوورتە، کە دەکرا زۆر زۆر درێژبکرێتەوە، بەشــێکی ئەو بیرۆکە و یاداشتانەی منە دەربارەی درۆکانی کوردایەتــی.. بــە بەکارهێنانــی دەســتەواژەی «درۆکانــی کوردایەتــی» جــارێ لێــم تــووڕە مەبــە و تکایــە کەمێــک پشــوودرێژ بە لەگەڵ ئەم نووســینەمدا.. هەســت و سۆزی کوردایەتــی بخــەرە لاوە، کــێ دەڵێــت تۆش لە مــن زۆرتر بیرۆکــە و یاداشــت و تێبینیــی گرنگترت لەلا نییــە، تاوەکو بــۆ هاوزمانــان و نەوەکانی داهاتــووی روون بکەینەوە کە کوردایەتی چی بووە و چییە!

هیــوادارم گفتوگۆی ئەو بابەتانــەی خوێندتەوە لەگەڵمدا بکەی، بەڵکــو بەهەموومان بیرازێکی گشــتگری کوردایەتی بکەین. یان پاکی کەین، یان چاکی بکەین..

**هاوڕێ باخەوان**
**٢٠١٨/٠٩/١٦**

## من و کوردایەتی!
## ٢٠١٨/٠٧/١٠

هاوینـــی ١٩٨٦، لـــە زانکـــۆی موســـڵ دەرکرابـــووم و لە سـلێمانی بووم. بارودۆخی شار زۆر ناخۆش بوو، باوکم و دایکـم وایان پێباش بوو کە مـن و برا گەورەکەم کاک هیوا بـۆ ماوەیەک بچینە دەرەوەی شـار، نەبـادا بەهۆی ئەوەی بەشـداریمان نەکردووە لـە راهێنانی سـەربازیی هاوینەی زانکۆ و پەیمانگاکاندا دەستگیربکرێین. بەتایبەتی ئەو ماوەیە کە هێرشـی برام لە ئەمنی سلێمانی لەژێر لێکۆڵینەوەدا بوو و بارودۆخی ماڵی ئێمە زۆر ناخۆش بوو.

پێش ئەوەی بەڕێبکەوین، چەند نامەیەکم لە رێکخسـتنی پاسـۆک وەرگـرت تاوەکو لە رێوە بیگەیەنمە دەسـت ئازاد مستەفا (سکرتێری پارتی سۆشیالیستی کورد – پاسۆک) لە گوندی مالوومە. ئەو کات بارەگای سـەرکردایەتیی پاسۆک تازە هاتبووە ئەوێ و لایەنەکان ”ئاشت“ ببوونەوە و بەرەی کوردسـتانیش لـە دامەزراندندا بـوو. ئەم ئاشـتبوونەوەیە بـۆ پاسـۆک زۆر گرنـگ بـوو چونکە سـاڵانێک بـوو لەو ئەشـکەوتەی سـورێن قەتیس بووبوون و زۆر دووربوون لـە خەڵکەوە، لە بەرد و دار زۆرتـر هیچی تریان نەدەبینی. تەنانـەت بەهۆی ئەم ئەشـکەوتەوە هەندێک لە کاژیکییەکان بە ئازاد مسـتەفای سـکرتێری پاسـۆکیان دەگوت ”حەمەی ئەشـکەوت“! دیارە بە بەراوورد کەسـێکی وەک کاک ئازاد لە بـاری مۆتۆریـک و فیزیکییەوە زۆر لە تـەواوی کاژیک

چالاکتر بوو و ئەم ناتۆرەیەی کاژیکییەکان بۆ ئازاد مستەفا زۆر نادادپەروەرانە بوو!

لــە رۆژێکی گەرمی ئەو هاوینەدا من و کاکم بەڕێکەوتین بــۆ کارێــزە. ئــۆردوگای کارێــزە، یەکێک بوو لــە ئۆردوگا زۆرەملێکانی ئەو سەردەمە کە خەڵکی گوندەکانی دۆڵەکانی شــینکایەتی و جافەتی و دەوروبــەری ماوەتی تێدابوو. ئەو ئۆردوگایە ئەتووت شارە مێرووڵەیە، ئەوەندە قەرەباڵخ بوو. تێکەڵەیەکی ســەیر بوو، خەڵکی دەیــان گوندی تێدا رژابوو. سەربازگەیەکی گەورەی سوپای ئێراقی لە نزیکییەوە هەبوو، کارێزە کەوتبووە نێوان هێڵی بەریەککەوتنی هێزەکانی ئێراق و پێشمەرگەی یەکێتییەوە. پێشمەرگە بەئاسانی و بەتایبەتی لە شــەودا دەهاتــە کارێزەوە. بــە رۆژیــش ئوتومبیلەکانی دێموکــرات (کــە ئــەوکات تەنها یــەک دیموکــرات هەبوو)، کۆمەڵە و ئەوانی تری رۆژهەڵات و چریک و مریکی ئێرانی سەربەستانە هاتوچۆیان دەکرد.

چەند شەوێک لە کارێزە ماینەوە، دەبووایە بچووینایە بۆ ناوچەی گەلاڵە لە شــینکایەتی. هۆکاری چوونمان بۆ ئەوێ ئــەوە بوو کە داپیرە مریەم-م کــە زۆر زوو کۆچی دوایی کــردووە و کەم کەســی بنەماڵــەی ئێمە دیویەتــی، خەڵکی شینکایەتی بووە لە گوندی قامیش. بەو هۆیەوە تا ئەوکاتیش ســەرودەرمان لەگەڵ هەندێک بنەماڵەی ئــەو ناوچەیە هەر مابوو.

لە سلێمانی کە نامەکانی رێکخستنم وەرگرت، هەموویان لە شــێوەی چوکلێتدا پێچرابوونەوە و خســتمنە ناو پزووی بەنەخوێــن، دۆخیــن-ی شــەڕواڵەکەمەوە. هەڵبــەت ئەقڵی

ئێستام ئەوسا بووایە ئەوا هەرگیز هەڵەی واهیم نەدەکرد و ئەو نامانەم نەدەبردن! چونکە لە سلێمانییەوە بۆ کارێزە، واتا چەندین کۆنترۆڵی سەربازی و ئەمن و ئیستیخبارات و ئەو شتانە. گەر بەو نامانەوە بگیرامایە، ئەوا یەکسەر منیش و کاکیشم رەوانەی لای هێرشی برام و نەورۆزی پورزام دەکراین کە هەردووکیان ئەو کاتە لەسەر پاسۆک زیندانی بوون و ئەوەندەی تر کێشەم بۆ دایکم و باوکم زۆرتر دەکرد! بەتایبەتیش پاشتر زانیم یەکێک لە نامەکان باسی ترۆزیی تێدابوو! پاشتریش زانیم کە کاک ئازاد زۆر حەزی لە خواردنی ترۆزی بوو. تەتەری و نامەبردنی نێوان رێکخستن و پێشمەرگە گاڵتەوگەپ و تەنزی زۆری لەسەرە لە ئەدەبیاتی کوردایەتیدا، کە زۆریان راستن. یەک لەو چیرۆکە راستییانە، لێپرسراوێک نامەیەک بە پێشمەرگەیەکی داماوی قوربانیی کوردایەتیدا لە قەرەداغەوە بۆ شارباژێر بۆ لێپرسراوێکی تری هاورێی دەنێرێت، تەنها بۆ ئەوەی پێی بڵێت؛ "بۆم دەرکەوتووە خواردنی قەلی سپی لە هی رەش خۆشترە..".

من یەکەم جارم بوو نامەی رێکخستنی شار بۆ دەرەوە بەرم، کەسانێک هەبوون لەو تەتەرییەدا زۆر شارەزابوون و دەبووایە بەوان ئەو کارە بکرایە! هەر بۆیە وتم نەدەبووایە هەڵەی واهیم بکردایە چونکە بەڕاستی نەشارەزا بووم.

لە کارێزە دەرچووین بەرەو مالوومە. ئەگەرچی رێی گەلاڵە دووردەکەوتەوە و هەردووکیان هاوتەریبی دوو دۆڵ بوون، بەڵام چار ناچار بوو و دەبووایە نامەکانم بگەیەنایە. جگە لەوەش زۆرم دەربارەی کاک ئازاد بیستبوو و پڕبەدڵ

حەزم دەکرد بیبینم.
ساڵی ١٩٨٦، هێشتا گوندی مالوومە بۆردوومان نەکرابوو و قوتابخانە و ماڵەکانی مابوون. بارەگای پاسۆک لە قوتابخانەکەدا بوو، بە یەکەم پرسیار، یەکسەر مالوومەییەک دەستی بۆی راکێشا و منیش بەرەو ئەویٚ رۆیشتم. پێشمەرگەیەکی پشتکۆم کە یەکسەر زانیم شەهید حەمە قەمورە لەبەر دەرگاکە وەستابوو. یەکسەر هەواڵی گەیاندە کاک ئازاد و منیان بردە ژوورێکی پشتەوەی قوتابخانەکە کە ژووری کاک ئازاد بوو. کاک هیوا و خاڵە سەعید و ئەو شۆفێرەی لەگەڵمان بوون لەدەرەوە چاوەڕێی من بوون.
حەمە قەمور پاشتر بووە حسک و لە شاری سلێمانی بەدیل گیرا و لەگەڵ چەند هەڤاڵێکیدا گوللەبارانیان کردن. لە راپەڕینەکەی ١٩٩١ وێنەکانی لە ئەمنە سوورەکە دۆزرانەوە کە چەند خولەکێک پێش گوللەبارانکردنی بەچاوبەستراوەیی گرتبوویانن. ئەو وێنانە و زۆر دۆکومێنتی گرنگی تر کەوتنە لای پاسۆک لە راپەڕینەکەدا، ئەوکات من چەند رۆژێکی خۆمم بۆ سەیرکردن و پۆلێنکردنی ئەو دۆکومێنتانە تەرخانکرد.. وێنەکان ماون، بەڵام دۆکومێنەتەکانی تر کەس نازانێت چییان لێهات و دران بە کێ!. ئەو دۆکومێنتانە زانیاریی زۆر سەیر و گرنگی تێدابوون.
ئەو کاتەی کە من گەییشتم کاک ئازاد نووستبوو. کە چوومە ژوورەوە نیوە پاڵکەوتوو و لە کاتی هەستاندا بوو لەسەر جێیەکەی. پاش یەکترناسین، نامەکانم لە پزووی شەڕواڵەکەم دەرهێنا و دامە دەستی. پێشمەرگەیەک هاتە ژوورەوە و بەخێرهاتنی کردم و دوو چای بۆ هێناین. من

ئەوەندە کوردایەتیم لا پیرۆز بوو و ئەوەندەم ئازاد مســتەفا بە کەسـێکی گــەورە دەزانی، دەســتم باش گـۆی نەدەکرد پیاڵە چاکە بگرم! بەڵام پاشــتر هێوربوومەوە و لەگەڵ کاک ئــازادا کەوتمە چــا خواردنــەوە و گفتوگۆ، ســادەیی کاک ئــازاد یارمەتیــدەرم بوو تــا زوو بێمەوە ســەرخۆم. بەدەم خوێندنەوەی نامەکانەوە هەندێک جار پرسیاری ڕێکخستن و بارودۆخی شار و زانکۆی موسڵ و ئەو شتانەی لێدەکردم. کاک ئازاد، کەسێکی بێفیزی باریکەلەی باڵاناوەند بوو. لەکاتی قســەکردندا مــژی زۆر قوڵی لە جگەرەکــەی دەدا، ئەوکات جگەرەی بەهمەنی ئێرانیی دەکێشــا.. ئەوەی من تێبینیم کرد زۆر کــەم دەیهێشــت نێوانی دوو جگــەرەی زۆر بخایەنێت و یەکێکــی تری دادەگیرســاند. لە کاتی قسەکردنیشــدا زوو زوو دەیگووت: ئەزانی.. ئەزانی.. و لە قسەکردنیشدا وشەی "هێندە"ی زۆر بەکاردێنا.

دیــار بــوو کاک ئــازاد دەیزانی یان پێــی گووترا بوو کە چۆن بیردەکەمەوە و کوردایەتی و ئایینم بە دوو شتی زۆر جیاواز و زۆرجاریش دژبەیەک دادەنا، هەربۆیە (ئەگەر هەڵە نەبم) بە مەبەســتەوە ڕێــڕەوی گفتوگۆکانی گۆڕی بۆ ئایین و کەوتە ستاییشــکردنی پەڕتووکــی نەهجولبەلاغەی عەلیی کــوڕی ئەبــو تالیب، بەبێ ئــەوەی هیچ هــۆکار و بۆنەیەک هەبووبێت.

ئــەو پەڕتووکــە و چەنــد دانەیەکــی تــری فارســیی لە تەنیشــتەوە بــوو. بــە ئاماژەکــردن بــۆ نەهجولبەلاغە، لێی پرســیم؛ ئایــا خوێندووتەتەوە؟ وتم بەڵێ. وتــی رات چییە؟ وتــم کتێبێکە بــۆ کات و شــوێن و نەتەوەیەکــی دیاریکراو

نووســراوه و هیچ شــتێکی ئەوتۆی خۆمانی تێدا نابینمەوە کــە جێی باس بێت! دیار بوو وەڵامەکەمی بەدڵ نەبوو! هەر بۆیــە لە جیاتــی وانەکانی "کوردایەتی" زۆرتر پێی لەســەر ئەو کتێبە داگرت و پاشــانیش کەوتە ستاییشی سەلاحەدینی ئەیوبی. ئێســتاش وشــەکانیم لە گوێــدا دەزرنگێتەوە کە بە تووڕەییەوە باســی ئازایەتــی و پیاوەتیی ســەلاحی دەکرد و دەیگووت "ریتشــاردی شــێردڵ شمشــێرەکەی لەدەست کەوتووەتــە خوارەوە و ســەلاحەدینی ئەیوبــی هێندە پیاو، هێندە مەرد، هێندە ئازا بووە، داویەتییەوە دەستی و شەڕی لەگەڵدا کردووەتەوە". ئێســتاش لــەو حەماس و وتاردانەی کاک ئازاد لەســەر ســەلاحەدینی ئەیوبی ناگــەم و گرێیەکە هەر لام ماوەتەوە.

گفتووگــۆکان لــە بارەگایەکــی پارتێکــی "نەتەوەیــی" و کێشــەکانی ئــەو ســەردەمەوە! بــوو بــووە گفتووگــۆی حوجرەیەکــی مزگەوت و ئیتر کۆتاییەکەی بەوە شــکایەوە کاک ئازاد بەرماڵێک یان بەتانییەکی داخست و دوو رکاعەت نوێژی کرد. منیش بەســەر ســووڕمانەوە سەیرم دەکرد و بەخۆمــم دەگووت؛ هەموو پزووی شــەڕواڵەکەت پڕ بکە لە کوردایەتی و ئەگەر لەسەری بگیرایتایە بێگومان دەبووی بە پەتی سێدارەوە، کەچی ســکرتێری حیزبەکەشت بەو جۆرە لــە جیاتی وانەی کوردایەتیت دابدات، باســی نەهجولبەلاغە، ئازایەتیــی ســەلاحەدینی ئەیوبــی و لــە نێــوان نیــوەڕۆ و عەسریشــدا دوو رکاعــەت نوێــژت بــۆ بــکات. ســەرباری ئەوانــەش ناوبەناو لە قســەکانیدا ئەگەر بیویســتایە یەکێک بشــکێنێت یان رەخنەی لێبگرێت، جنێوی بەکاردێنا! ئەمەیانم

هەر زۆر پێ سەیر بوو! بەتایبەتی ئەوکاتانەی کە جنێوەکانی تۆختـر دەکردەوە و دەیگـووت ...ترین.. ئەم جنێوانەی کاک ئـازاد لە وتارەکانیشـیدا رەنگی دابـووەوە و من تۆمارێکی دەنگییم لەلایە کە قسە بۆ هاوبیرانی پاسۆک دەکات، بێبەش نییە لەو جۆرە جنێوانە.

جنێودان لەناو پاسۆکدا ناوبانگێکی زۆری هەیە، کاک ئازاد تاکە رابەری ناو پاسـۆک نەبووە کە لە قسـەکانیدا جنێوی بەکارهێنابێت.. نازانم دروست ئەم کلتووری جنێودانەی ناو پاسـۆک لەکوێوە سـەری هەڵداوە.. بـەڵام تەنانەت حەمەی حاجـی مەحمودیش لە یاداشـتەکانی خۆیدا باسـی کردووە و وتویەتـی: پاسـۆکەکان بیانویسـتایە تەنانەت ستاییشـی یەکێکیش بکەن! هەر دەیانگوت: سەگبابە پیاوی چاکە!.. کاتی خۆشـی حەمە سـەعید حەسـەن لە وتارێکیدا لەسەر کاک حەکیـم کاکەوەیس کە نووسـیبووی (پاسـۆک مۆزەخانەی جنێـوی کوردییە) زۆر پێی قەڵس بـووم! بەڵام لەوەدا زۆر تـەواوی وتـووە. مـن چەند جار گوێـم لە سـەرکردەکانی پاسـۆک بووە بە پێشمەرگەکانی لای خۆیانیان زۆر جنێوی سووکیان وتووە کە بێزم نایەت لێرەدا بیاننووسم.. بڵێی ئەم کلتووری جنێوە لەو هەندە سەرسەری و چەقۆکێشانەی ناو کاژیکەوە (یان لەسـەر کاژیک حسـاب) دانەکەوتبێت بۆ ناو پاسـۆک؟! هیوادارم بەهۆی ئەم قسـانەوە هەندێک لە کۆنە هاوبیرانم بەیادی ئەو کلتوورەوە جنێوبارانم نەکەن!

من، تاسـابووم، وەک لـە بانێک بەرمبدەیتـەوە وابووم! خوا خوام بـوو وا زوو لە نوێژەکەی نەبێتەوە تاوەکو باش خۆم کۆبکەمەوە و هۆشم بێتەوەبەر کە ئایا چی روودەدات.

پاش ئەوەی لە نوێژ تەواو بوو چایەکی تریشیان بۆ هێناین. بەدەم چاخواردنەوەی دووەمەوە باسەکەم گۆڕی و هێنامە ســەر ڕێکخستنی هەولێر و کە چۆن پێویستە لەوێ پاسۆک ڕێکخســتنی هەبێــت یــان ڕێکخســتنی بەهێز بکات. باســی هاوڕێیەکــی زانکۆمــم بۆ کــرد کە خەڵکی هەولێــرە و زۆر نەتەوەییە و گرنگە زۆر ئاڕاستە بکرێت تاوەکو ڕێکخستنی پاســۆک لەوێ گەشــە بــکات. کاک ئــازاد ناچار بــوو بێتە باســەکەوە لەگەڵما و وتی زۆر باشە، من نامە دەنووسم تا کاک ئاراس (هەژار کامەلا، ئێستا، ٢٠١٨ لە ڤیەننا دەژی) کە نــاوی نهێنیی ئەو هاوبیرە هەولێرییە بوو بخەنە ناو (یەکێک لە خەتەکانی ڕێکخســتنەکان)ی هەولێرمانەوە. ئەم قسەیەی کاک ئــازاد تۆزێک ئاهێکی پێــدا هێنامەوە و کەمێک عەلی و سەلاح و ئەڵڵاوهوئەکبەری نوێژەکانی بیربردمەوە.

کاتی قســەکردنمان بــەرەو تەواوبــوون دەچوو و پێش خواحافیزی پێی وتم بۆ نابی بە پێشمەرگە، منیش وتم کاک ئــازاد من ئێســتا هەر خۆم نیم، لــەدەرەوە خەڵکم لەگەڵە و حەزیش دەکەم بزانم ســەرەتا خوێندنەکەم چیی بەسەردێت پاشــان بڕیاری ئەوە دەدەم. ئیتر ناوی چەند کەسێکی دامێ لە دۆڵی شــینکایەتی و ســەفرە کە یەکێکیان (ع. ش. ع) بوو، تا ئەگەر کارێکم هەبێت ئەوانی لێ ئاگادار بکەمەوە. بارەگای ســەرکردایەتیی پاســۆکم جێهێشــت و بــەرەو شــینکایەتی کەوتینە ڕێ.

دنیا هێشتا هەر گەرم بوو، بە دەم جگەرە کێشانەوە بیرم لەو نوێژە بێ-دەســتنوێژەی کاک ئــازاد دەکردەوە. چونکە دیار بوو کە من چوومە ژوورەوە تازە لەخەو هەڵدەســتا و

بەپێی دابونەریتی عەرەبەکانیش هەر کەسـێک دەستنوێژی هەبێت و خەوی لێبکەوێت ئەوا دەستنوێژەکەی دەشکێت!.

ئـەم ئیسـلامەتییەی کاک ئـازاد، تەنانـەت لـە پێڕەو و پرۆگرامی پاسۆکیشدا رەنگی دابووەوە، یەک لە مەرجەکانی ئەندامەتیی پاسـۆک ئەوەبوو کە دەبێت خوداپەرسـت بێت.. پاشـتریش بـۆم دەرکـەوت کە بۆچـی کاک ئـازاد بەناوی عەلی-یەوە نووسینەکانی بڵاودەکردەوە، تومەس گرنگترین پەڕتـووک بەلایـەوە نەهجولبەلاغـە بـووە و گەورەتریـن کەسـایەتیش بەلایەوە عەلیی کوڕی ئەبو تاڵیب!. کوردایەتی هەرگیـز نەیتوانی هێڵێک لەنێوان خـۆی و ئایین، بەتایبەتی ئیسـلام دابنێـت.. دیارە کاک ئـازاد تاکە رابـەر نەبووە کە بەوشێوەیە خوداپەرست یان باشترە بڵێم ئیسلامی بووبێت. پـاش راپەڕینـی ١٩٩١ی باشـووری کوردسـتان، یەکـەم رووبەڕوو کە لەگەڵ مەسـعود بارزانیی سەرۆکی پارتی کە لەلایـەن یەکێتیی قوتابیانی سـەربە پارتی کراوە، لە وەڵامی پرسـیاری کە باشترین کتێب بەلای ئەوەوە چییە؟ وتویەتی: قورئـان. من چەند جارێکیش گوێم لێی بووە وتویەتی کەس لە خۆم بە موسڵمانتر نازانم.

مـام جەلالیـش کـە سـاڵانێکی زۆر رابەرێکـی دیـاری سۆشـیاڵ-دیموکرات بـووە لـە کوردسـتان، وێنەییم دیوە لەگەڵ ئیسلامییەکاندا نوێژی کردووە، یان حەجی کردووە.

نەوشـیروان مسـتەفاش، هــەردەم بــەوە ناسـرابوو کە کەسـێکی عیلمانی و مارکسییە. کەچی لەم دوواییانەدا وەک ئیسـلامییەک رەفتاری کرد و هەرچی ئیسـلامی و ئیخوانی هەبوو لە خۆی  و لە بزووتنەوەکەیی کۆکردەوە. بەڕادەیەک

هەموو پۆســتە گرنگەکانی گۆڕانی دایــە ئیخوانییەکان، هەر ئەمــەش بوو بــووە هۆی کوژانــەوەی مۆمــی کوردایەتییە مۆدێرنەکەی و ئەوەندەی ئیســلامی سیاســی ســوودی لە گــۆڕان بینــی ئەوەنــدە کوردایەتیی نەبردە پێشــەوە.. ئەوە یەکێک بوو لە کارە خۆکوژییەکانی بزووتنەوەی گۆران، کە من پێموایە نوێتریــن و دواهەمین بزووتنەوەی کوردایەتییە لە کوردستاندا.

کورد دەڵێت: بۆ چی چووم و تووشی چی بووم! ئەمە رێک ئەوە بوو کە ئەو پاشنیوەڕۆیە بەسەر مندا هات! لە سلێمانی خۆمم بۆ زۆر گفتوگۆی هزری و نەتەوەیی و چی و چیی تر ئامادە کردبوو! بەڵام جگە لە باســکردنی رێکخستنی هەولێر ئەوانی تر بە خەویش لە کەسێکی وەک ئازاد مستەفا بمدیایە باوەڕم نەدەکرد. لەو دانیشــتنە کورتەمدا بۆم دەرکەوت کە پاسۆک بۆچی گەشەی نەکردووە و ئەو تەنزەشی کە زۆرتر برادەرانی یەکێتی بە پاســۆکیان دەگووت "مەنجەڵێک یاپراخ بەشیان دەکات" زۆر نزیک بوو لە راستییەوە.

بۆ من ئاســان نەبوو کە باوەڕ بەوە بهێنم کە ســکرتێری حیزب بەو شێوەیە بیربکاتەوە، کەسانێک هەن بۆ ئەو باوەڕە خۆیــان بە کوشــت دەدەن، لــە بەندیخانەکاندا ئەشــکەنجە دەدران، کــە کاک ئــازاد خۆشــی پێشــتر یــەک بــووە لەو زیندانییانە، کەسانێک هەبوون چاوەڕێی پەتی سێدارە بوون، یاخود لە رێکخســتندا هیوایەکیان بە کوردایەتیی ئەو حیزبە هەبــوو.. کەچــی نە دەیانزانی کوردایەتی چییە! نە دەشــیان زانــی کاک ئازاد کێیە، بیری چییە و ئەو چۆن لە کوردایەتی یان سۆشــیالیزمی نەتەوەیی تێگەییشتووە. نە کەسیش پێی

دەگووتن کوردایەتی چییە و چۆن دەخورێت!
پێشتر وتم، تاکە شت لەو گەشتەمدا بۆ مالوومە و بینینی ئازاد مستەفا ئەو باسەی بەهێزکردنی ڕێکخستنی هەولێر بوو. پاشتر کە کاک (ئاراس - هەژار کامەلا)ی هاوڕێ هەولێرییەکەم بینی، ئنجا زانیم کە چەند هەڵە بووم و ئەوەش ئەوە نەبوو کە کاک ئازاد باسی کرد. بە کاک هەژار کامەلام وت؛ کاک ئازاد بڕیاری داوە تۆ بخاتە ناو یەکێک لە هێڵەکانی ڕێکخستنەکانی پاسۆکەوە لە هەولێر. کاک هەژار وتی بابە خەتی چی و ڕێکخستنی چی و حاڵی چی! من لێرە، لەم هەولێرە گەورەیە هەر خۆمم و بەس! جارجارە کەسێک لە سلێمانییەوە دێتەلام و کۆبوونەوەم لەگەڵدا دەکات، یان من خۆم لە هەولێرەوە دەچم بۆ کەرکوک بۆ کۆبوونەوە و خۆشم نامەکانی خۆم بۆ ڕێکخستن تا کەرکوک دەبەم تا لەوێوە بگاتە سلێمانی! ئێستا، پاش ئەو هەموو ساڵە، هەر جارێک من و کاک هەژار کامەلا یەکتر ببینینەوە بە پێکەنین و تەنزەوە باسی هێڵەکانی ڕێکخستنی پاسۆک دەکەین لە هەولێردا! سوپاس بۆ هەژار کە بۆ ئەم نووسینەم گەلێک تێبینیی جوانی دامێ و زۆر ڕووداویشی بیرخستمەوە..
بەڕاستی زۆر بەخۆمدا شکامەوە کە درۆی هاوبیرانمم بۆ کاک هەژار کامەلای هاوڕێم گواستەوە. ئەوان بە منیان گووت تەنها ڕێکیبخە، ئیدی خۆمان دەیخەینە هێڵێکەوە.. نەمزانی کاک هەژار ئەو شەرەفە مێژووییەی پێدەبڕێت و دەبێتە یەکەمین ڕێکخستنی پاسۆک لەو هەولێرە گەورەیەدا و خۆشم هەمان شەرەفی مێژوویم پێدەبڕێت کە یەکەم هەولێریم کردە ڕێکخستنی درۆکانی پاسۆک.. هەڵبەت جارێ

مــن هەر باســی ١٩٨٦ دەکــەم. واتە پاســۆک نەیتوانیوە لە ماوەی زۆرتر لە ١٠ ساڵی کارکردنیدا تەنها یەک کەس لەو هەولێــرە رێکبخات! ئنجا لەوەوە بڕوانە دروشــمی گەورەی کوردستانێکی ئازاد و گەلێکی یەکسان!.

درۆکانــی پاســۆک، درۆکانــی کاژیــک یــان درۆکانــی کوردایەتــی کە لــەم نووســینەدا بەکارهێنــراون، کۆمەڵێک دەســتەواژەی ناخۆش و تووڕەکەرن. بەڵام هیچ وشەیەکی تــرم نەدۆزییــەوە کــە ئاماژە بێت بــۆ کارێک یــان وتنێکی ناڕاست.. ناچارم وشەی درۆ بەکاربهێنم..

ئەو گفتوگۆ ئایینییانە و باسوخواسی رێکخستنی هەولێر و پێشخســتنی هەموو ئەو شــتانە بوو کە لــە یەکەم بینینم لەگــەڵ کاک ئازادا روویاندا. ئێســتا (٢٠١٨) زۆرتر لە ســی ساڵ بەسەر ئەو بەسەرهاتانەمدا تێدەپەڕن و کاک ئازادیش بەداخــەوە بەگەنجــی و بەهۆی نەخۆشــییەوە لــە تاراوگە سەرینایەوە و لە ژیاندا نەماوە.. زۆر پێکەنینم بەخۆم دێت کە ئەوەندە کەســێکی سادە بووم و دوای ئەو هەموو دروشمە درۆ و دەلەســانەی پاسۆک کەوتبووم و لە هەندێک کات و باریشدا بەهۆی پاسۆکەوە پاشتر خەریک بوو بەرەوڕووی مــەرگ ببمەوە کە باســکردنی لەم نووســینەدا بەپێویســت نازانم.

لەڕاســتیدا زۆر حەزم دەکرد ئێســتا کاک ئازاد لە ژیاندا مابایــە، چونکــە چ لــە زینــدان و چ لــە پێشــمەرگایەتی و کوردایەتیدا کەســێک بوو تاڵاوی زۆری بینی.. شایانی ئەوە نەبــوو بەو زوويیە شــێرپەنجە کۆتایی پێبهێنێت. حەزیشــم دەکــرد بزانم ئێســتا وەڵامی ئــەو هەموو پرســیارەی منی

دەربـارەی کوردایەتـی و رووداوەکانی ناو پاسـۆک چۆن دەدایـەوە.. بەداخەوە ئەویش یەکێک بـوو لە قوربانییەکانی کوردایەتی.

پێش ئـەو سـەردانەم بـۆ مالوومـە، بەرکەوتەکانی من لەگـەڵ کوردایەتی بریتیبوون لە خوێندنەوە، خۆپیشـاندانی خوێنـدکاران لـە نیـوەی یەکەمـی هەشـتاکان و کارکردنم لە رێکخسـتنی پاسـۆک کە زۆرتر کۆبوونـەوە بوو.. بەڵام سەردانی من بۆ مالوومە و بینینی یەک لە هێماکانی ئەوکاتی کوردایەتی بۆ من بریتی بوو لە شۆکێکی گەورە و پاشانیش پەی بردن بوو بە هەندێک سەرەداوی درۆکانی کوردایەتی. ئەگەرچی چەند ساڵێکی خایاند.

کوردایەتی، ئەو وشـە هەژارەی کە لـە باری زمانەوانی و مێژووییەوە تەمەنی سـەدەیەک نابێـت. وەرگێڕدراوێکی سەقەتی عروبە و کتێبەکانی ساتیع ئەلحەسری و عەفلەق و قەومییەکانی تری عەرەبە و کوردێنراوە، تەنانەت کلێشـەی بینای حیزبیی هەردوو کاژیک و پاسۆک هەر هەمان ئەوەی حیزبی بەعسـە. حیزبی بەعس سـەرکردایەتیی نەتەوەیی و هەرێمیی هەبوو، پاسـۆکیش هەمان کلێشـەی وەرگێڕاوە و بەپێـی پەیـڕەو و پڕۆگرامەکەی دوو جۆر سـەرکردایەتیی هەبـووە، سـەرکردایەتیی نەتەوەیـی و سـەرکردایەتیی هەرێمی! پێـش ئەویش کاژیک کە کورتکـراوەی (کۆمەڵەی ئـازادی و ژیانـەوە و یەکێتیی کورد)ە، هەمـان وەرگێڕانی حیزب (کۆمەڵەی)ی بەعـس (ژیانەوە)ی عەرەب (کورد)ە و

عەرەبەکە کراوەتە کورد! لە رۆژهەڵاتیش پەرچڤەیەکی خراپی پان-ئێرانیستەکانە و باندۆرێکی زۆری ئەوانەی باشووری بەسەرەوەیە. هی رۆژئاوا تاوەکو هەنگاوی دامەزراندنی پەیەدە، هەر هەمانی ئەوەی باشوور بوو، ماوەیەکی زۆر هەردوو پارتی و یەکێتی مۆنۆپۆلی کوردایەتییان لە رۆژاوادا کردبوو و هەموو حیزبەکانی رۆژاوا یان سەربە پارتی بوون، یانیش یەکێتی، دیارە زۆربەشیان پەیوەندیی سەیریان بە موخابەراتی داگیرکەری سووریی‌یەوە هەبوو. لە باکووریش تا ماوەیەکی زۆر لەژێر باندۆری هزری تۆرانی و کوردایەتییەکەی باشوور بوو تاوەکو ناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی بیستەم و گەشەکردنی پەکەکە.

کوردایەتی، هەرگیز نەیتوانیوە خۆی لەگەڵ ژینگەی کوردستان و کوردا بگونجێنێت، ئەگەرچی ئەو کورد-ستان بووە و ئەویش کورد و ئەمیش کورد-ایەتی و وشەی "کورد" لە هەرسێکیاندا ناوکۆییە، بەڵام بیر و چەمک و مێژوویان ناوکۆیی نییە. هەربۆیە هەمان ئەم کوردایەتییە لە زۆر کات و باردا بووەتە بەڵایەکی ناگەهان بەسەر خودی کورد و وڵاتەکەشیدا کە کوردستانە. کوردایەتی کوردکوژەیە.

هەمان ئەم کوردایەتییە، لە هەر یەک لە بەشەکانی کوردستان بە بیرە ناسیۆنالیستی و شۆڤێنییەکانی فارس و تورک و عەرەب نەخشێندراوە و شتێکی سەیروسەمەرەی لێدەرچووە کە نە تیۆرییە، نە ئایدۆلۆژیایە، نە فەلسەفەیە و نە تەنانەت بووەتە پەیڕەو یان دابونەریتێکی سیاسی! هەر ئەمەشە بووەتە هۆیەکی گرنگ کە چ تورک، فارس و عەرەب زۆر بە ئاسانی ئەم کوردایەتییە بەکاربهێنن بۆ

تێکشــکاندنی خودی کورد، کوردایەتی و کوردستان. چونکە پایە گرنگەکانی ئەم کوردایەتییە لە هەمان بیرە ناسیۆنالیست و شــۆڤێنییەکانی ئەمانــەوە وەرگیراوە و بــە چەند بەیت و دێڕە شــیعری خانی و حاجی و ئەوانی تر رووپۆشــکراوە. هــەر بۆیە بۆ ئەوان زۆر ئاســان بــووە دژی خودی کورد بەکاریبهێنن.

قوتابخانەی کوردایەتی لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیست لەلایــەن کۆمەڵێک خوێندەوار و کۆلکە خوێندەوارەوە، وردە وردە لە هەردوو شاری مەهاباد و سلێمانی سەری هەڵدا و پاشــانیش زۆرتر لە سلێمانی گەشەی کرد و بە ناوچەکانی تــردا بڵاوبــووەوە. ئــەو خوێندەوارانە تاکە ســەرچاوەیان نووســینە عەرەبی، فارســی و تورکییەکان بووە و هەر ئەو سەرچاوانەش بوون بوونە هۆی دروستکردنی کوردایەتی!

لە ئەســتەنبوڵ کە کۆمەڵەی ئیتیحــاد و تەرەقی دامەزرا. پێــش ئەوان کورد بەلای ئەوانەدا نەچوو، پاش دامەزراندنی ئــەو کۆمەڵەیە ئەوانیــش هاتن هەمان کۆمەڵــەی تەعالی و تەرەقی-یــان وەرگێــڕا بــۆ کــوردی بە هەمان پرنســیپ و ئــاواز و مەقامــی تورکەکانــەوە! واتە هیچ کاتێــک کورد و رۆشنبیرانی دەستپێشخەرییان نەکردووە، هەردەم وابەستە و دواکەوتەی بیری عەرەبی، تورکی و فارسی بوون.

کوردایەتــی، لاســاییکردنەوەی بیــرە بێگانەکانی تورک، عەرەب و فارس بووە. هەرگیز جگە لە ناوەکەی، ناوەڕۆکی ئەگــەر بووبێت خۆماڵی نەکراوە. لاســاییکردنەوەکە لە زۆر کات و باردا بە خراپە و کارەســات شــکاوەتەوە. وەک ئەوە

وابووە لاسـایی دروستکردنی بۆمبێکی ئەتۆمیی کردبێتەوە، سـەرئەنجام چونکـە نەیزانیـوە بەکاریبهێنێـت، بۆمبەکە بە خۆیـدا تەقیوەتەوە و کەوتنێکی خراپ کەوتووە. هیچ کاتێک نە ئایین و نە ڕووداوەکانی ڕۆژی بۆ پێشخستنی کوردایەتی بەکارنەهێناوە. ئاسـیایی-یە دوورەکان، لەوانە چین، ژاپۆن و ئەوانی تر بەشـێوەیەکی وا سوودیان لەلاسایی وەرگرت کـە توانییان گەورەترین کلتـوور و ئابووریی نەتەوەیی بۆ خۆیان و وڵاتەکەیان بەدەسـتبهێنن. بەڵام لاساییکردنەوەی کوردایەتـی بـووە کارەسـاتی تەقینەوەی ئـەو بۆمبەی کە دەیویسـت دروسـتی بکات.. لە هیچ کات و بارێکدا نەیتوانی سـوود لە ئیسلام، دیموکراسی، کۆمۆنیزم و تەنانەت دنیای مۆدێـرن و تەکنەلۆجیـا وەربگرێـت و هـەر بـە پریمیتیڤی مایـەوە.. بۆ هەر ڕووداوێکیش کە ڕوویدابێت زۆر سـادانە شـیکاری بۆ کردووە، بەلای کوردایەتییەوە ئەوەی بەسـەر کورد و کوردسـتاندا هاتووە و دێت، یان بەهۆی ئەوەیە کە دوژمنەکانمان دڕندەن! یان کورد بێکەسـە.. ئەم شـیکارییە زۆر سـادەیە.. هیـچ دوژمنێـک گوڵبارانـت نـاکات و هیـچ نەتەوەیەکیش پس مام و خوارزای تر نییە!

کورد پێشـتر، جگـە لە کۆمەڵە دیوانێکـی هۆنراوە کە لە نێوان مەلا و کەمینەیەکی زۆر کەمی خەڵکیدا بە دەستنووس لەبەری گیراوەتەوە و خوێندراوەتەوە، هیچ سـەرچاوەیەکی تـری هزریی تایبەت بەخۆی نەبـووە! ئەوانی تر هەموویان تایبـەت بـوون بـە کتێبـە ئیسـلامییەکان. لێـرە و لـەوێ قاوەخانەیـەک یان دیوەخانێـک حیکایەتخوانێکـی تێدابووە و چیرۆکەکانـی ڕۆسـتەم و زۆراب و خورشـید و خاوەر

و هەندێکـی تـر خوێندراونەتەوە.. هەربۆیـە خوێندەوارانی کورد لە سـەرەتای سـەدەی بیستەم هیچ سـەرچاوەیەکی وایان لەبەردەسـتدا نەبووە بۆ دروسـتکردن و رێکخستنی کوردایەتیەکەیـان. بۆیـە ناچـار پەنایان بۆ کتێبـە عەرەبی، فارسـی و تورکییـەکان بـردووە و لەوانـەوە و لـە بیـری ناسیونالیسـت و شۆڤێنی و پان-ئێرانیزم، عروبە و تۆرانی، کوردایەتییەکەیان داڕشتووە و هەندێک دێڕە شیعری خانی و حاجی قادریشیان بۆ کردووەتە بەهانە. واتە رووکەشێکی بیری بێگانە بووە بە هەڵبەست و بەیتە کوردییەکان.

**زنجیرەی بیر و هزری کورد لە سەرەتای سەدەی بیستەم مێژوویەکی دوور و قوڵی نەبووە، بەبێ هیچ گەشەکردنێکی سروشـتی و بوونی بیریارگەلێک ویسـتوویەتی لە هیچەوە ئایدۆلۆژیاگەلێکـی بێگانـە لـە چوارچێـوەی کوردایەتیـدا بکوردێنێ! نەبوونی ئەو ماوە سروشـتییەی هزری کوردی وایکرد کە کوردایەتییەکی سەقەتی بێ ناسنامە و بێ پێناسە بێتەکایەوە. هەربۆیەشە تاکو ئێستا کەس نازانێت کوردایەتی چییە، پێناسەی چییە و دەیەوێت کوردستان و کورد بە کوێ بگەیەنێت! تەنانەت پێناسەشی بۆ وشەی ئازادی نییە!**

ئـەم بیرە لەرزۆک و تاڕادەیـەک بێ بنەمایە، هیچ کاتێک نەبووەتـە رێکخەرێکـی مۆڕاڵییانـە بۆ کـردەوە و خەباتی تاکەکانـی کـورد. هەربۆیـە بەنـاوی ئـەم کوردایەتییەوە، باشـترین شـت کـراوە تاوەکـو قێزەونتریـن شـت و زۆر جارانیش بووەتە هۆی تێپەڕاندنی کۆمەڵێک هێڵی سـووری مۆڕاڵی و دابونەریتی خودی کورد خۆی.

بەنـاوی کوردایەتییەوە، پێشـمەرگە گەورەترین جەنگی

بەرپاکـــردووە، نەبەردی بێوێنـــەی ئەنجامـــداوە، هاوکاریی ماددیـــی کۆکردووەتـــەوە بـــۆ هاوزمانانی کـــورد، یارمەتیی خەڵکی کوردستانیی ناکوردی پێداوە. لە بەرامبەر ئەمانەشدا هەر بە ناوی ئەم کوردایەتییەوە، دزی و فزی و گەندەڵی و سازش و خاکفرۆشتن و ئاشبەتاڵ و کوشتن و براکوژی و کچ لاقەکردن و زۆر زۆری تریش کراوە.. ئەمانەی دووایيان بووەتـــە خەســـڵەتە دیارەکانی ئـــەم دواییـــەی کوردایەتی و رۆژانـــە بەچـــاوی خۆمـــان دەیانبینیـــن و بەگوێـــی خۆمان دەیانبیستین..

بەناوی کوردایەتییەوە، ویستمان ببینە خاوەن حکومەت، حکومەتی هەرێم و پەرڵەمانی کوردستانمان پێی دامەزراند. هەر بەناوی کوردایەتیشـــەوە ئەو حکومەت و پەرڵەمانەمان کـــردە مەســـخەرەی مێـــژووی نوێمـــان. لـــە مێـــژووی ئەو حکومەتەماندا هەر بەناوی کوردایەتییەوە، سوپاکانی ئێراق، ئێران و تورکیامان هێنایە ســـەر یەکتری و وڵاتیشمان کردە مۆڵگەی میت و ئیتلاعات و ئیسلامییەکان.

کوردایەتـــی، ئەوەنـــدەی رووخێنـــەر بووە، دروســـتکەر نەبووە. لەمەیاندا ناچارم لە پاســـۆکەکەی ئەوسای خۆمەوە دەســـتپێبکەمەوە! کۆتاییـــی هەفتاکان، ئەوکاتی کە پاســـۆک لـــە لووتکـــەی کوردایەتییەکـــەی و گەشەســـەندنیدا بـــوو و لەبەرامبەریشـــدا ئێراق لەوپەڕی دەستەڵات و دەوڵەمەندییدا بوو. پاســـۆک دەیویست بە هەموو ئەقڵێکییەوە بیرووخێنێت و ئەو بەشـــەی باشـــووری کوردســـتانی لـــێ جیابکاتەوە و پاشـــان بچێت بۆ بەشـــەکانی تـــری کوردســـتان. دیارترین

کار و پلانی پاسـۆک بۆ ئەو مەبەسـتە دوو چالاکی بوو کە سەرئەنجام بووە یەک لە هۆکارە بەهێزەکانی گواستنەوەی زانکۆی سـلێمانی لە سلێمانییەوە بۆ هەولێر و لەوێش ناوی نرا سـەلاحەدین، ئـەو سـەلاحەدینەی کە کاک ئـازاد زۆر سەرسام بوو پێی!

چالاکیـی یەکـەم بـە سـەرۆکایەتیی کەسـێک بـوو کە ئێسـتاش لـە ژیاندا مـاوە و من چەنـد نامەیەکیـم لایە کە بـۆی ناردووم، هەڵکوتانە سـەر بەشـی ناوخۆییی زانکۆی سـلێمانی بوو لـە گەڕەکی گۆیژە و بە جەڵـەب خوێندکارە عەرەبەکانیـان بە بیجامەوە لەگـەڵ خۆیاندا بردە دەرەوەی شار بۆ دروستکردنی فشار لەسەر ئێراق!

چالاکیـی دووەم کوشـتنی چەند مامۆسـتایەکی زانکۆی سلێمانی بوو کە زۆربەیان عەرەب بوون و ئەگەر هۆشم بە هەڵەمدا نەبا هندستانییەکیشایان تێدا بوو! کوردایەتی دەبێت ئـەوە بهێنێتە پێـش چاوی خـۆی، مامۆسـتایەکی هەژاری هندسـتانی، بـۆ پەیداکردنی نانێک بـۆ خێزانەکەی و لە تاو برسێتیی وڵاتەکەی هەزاران کیلۆمەتری بڕیوە و گەییشتۆتە سـلێمانی، لەوێش بـە گوللـەی کوردایەتـی کۆتایی بەژیانی بێـت و تەرمەکەی بڕواتەوە بۆ کەسـوکاری لە هندسـتان.. ئەوە یەک لە هەزاران کارەساتەکانی کوردایەتییە.

ئەم پاسۆکە بچکۆلەیە، ئەمانەی لە سلێمانیدا ئەنجام دا و بووە هۆی یەک لە هۆکارە گرنگەکانی گواستنەوەی زانکۆکە لە شارەکە. ئەمە دەبێتە گەورەترین-رووخێنەرترین کارێک کە پاسـۆک کردبێتی و خودی خـۆم هیچ کارێکی بنیاتنەرم لەو پاسـۆکەدا تـا دامەزراندنی بەرەی کورسـتانی نەدیوە!

چونکە پاشتر پاسۆک یەکێک بوو لە هاندەر و دروستکەرانی بــەرەی کوردســتانی کــە دیــارە ئــەو بەرەیە بــە ڕێنمایی ئێران هاتەکایــەوە. تەنانەت کاک ئازاد کتێبێکیشــی بەناوی بەرەی کوردســتانییەوە نووسی و پێموایە دەبێتە باشترینی نووسینەکانی. پاشتر هەر لەدوای ڕاپەڕینەوە کرۆکی بەرەی کوردســتانی دەرکەوت و بووە درۆیەکــی تری کوردایەتی و لایەنەکانــی نــاوی کەوتنــە یەکتری بڕانــەوە.. لایەنەکانی بەرەی کوردســتانی هیچیان ڕاســتگۆ نەبوون لەگەڵ یەکدا، دیفاکتۆیەکــی نەخــوازراو بــوو بــۆ هەمــوو لایەنــەکان و هاتبووەکایەوە. بۆ نموونە پاش ڕاپەڕینی ١٩٩١ کە پاســۆک دەســتی کرد بــە چالاکی لە هەولێــر و دەوروبەری، ڕۆژی ٢٧ی مایــی ١٩٩١ کۆمەڵێک دروشــمی پاســۆک لە ڕواندز، بێخاڵ، گەلی عەلی بەگ و ســۆران و دیانا بە سەرپەرشتیی من و هەژار کامەلا هەڵواسرا. بۆ یەکەمجار لە مێژوودا دار و دیوارەکانی ئەو ناوچەیە ناو و دروشــمی پاســۆکی بینی. ئەوەندەی نەبرد پارتی هەرچی دروشمەکانی پاسۆک هەبوو لێــی کردەوە و دڕاندنــی، چونکە ناوچەکــەی تەنها و تەنها بە ســنووری خۆی دەزانی! ئەوە ڕاســتینەی پەیوەندیی ناو لایەنەکانی بەرەی کوردســتانی بوو! بە مەرجێک پەیوەندیی پاســۆک و پارتی زۆر لەوانی تر باشتر بوو! لەوەوە بڕوانە پەیوەندییەکانی ئەوانی تر.

لێــرەدا باســکردنی ئــەو دوو نموونەیەی پاســۆک دوو مەبەســتم هەیە؛ یەکەمیان، پاســۆک کە بچووکترین و وەک هەندێک کەس بانگەشەی بۆ دەکەن «پاکترین»ی لایەنەکانی باشــووری کوردســتان بــووە، بــەو شــێوەیە کوردایەتیی

کردووە. دووەم، هەر لە پاسـۆک و مەنجەڵە یاپراخەکەیەوە بەراوردی حیزبە مامناوەندی و گەورەکانی تری کوردستان بکـە و بزانە ئەوان چـۆن و بە چ شـێوەیەک کوردایەتییان کردووە!

سـەرباری ئەم لایەنە رووخێنەرەی کوردایەتی، لایەنێکی ئەرۆگانتیشـی هەیە کە کەم لە لایەنگرانی دان بە هەڵەکانی کوردایەتیـدا دەنێـن. بۆ نموونـە دەربارەی گواسـتنەوەی زانکۆی سـلێمانی کە پاسـۆک گەورەترین هـۆکاری بوو و بردنـەدەرەوەی خوێندکارانی عەرەب لە بەشـی ناوخۆییی زانکۆ و تیرۆرکردنی ئەو مامۆستایانە، زۆر گفتوگۆم لەگەڵ ئەم و ئەودا کردووە، بەڵام کەمیان دان بەو هەڵەیەدا دەنێن! ئەدی ئەوانەی دەمانچەکەیان دایە ئەو لاوە چوارباخییە کەم ئەزموونەی بچێت مامۆسـتایەکی زانکۆی بەناوی خەبات و کوردایەتیەوە پێ بکوژێت هێشـتا هەندێکیان لە ژیاندا ماون و خۆیان بە حاجی و خانی ناگۆڕنەوە لە کوردایەتیدا و هیچ شتێکی ئەوتۆ بەسەرخۆیاندا ناهێنن.

هەر بەهۆی ئەو بیرەشـەوەیە، کە تا ئێسـتا نەماندیوە و نەمانبیسـتووە لە پای هەڵەیەکدا، ئەندامێکی سەرکردایەتی، فەرماندەیەکـی لە شـەڕدا شـکاوی پێشـمەرگە، وەزیرێک، بەڕێوەبەرێکی گشـتیی ناو لایەنەکانـی کوردایەتی وازی لە کارەکـەی هێنابێت و بە ئێمە بڵێ بمبـوورن من هەڵەم کرد و شـایەنی ئەم شوێنە نیم. چ جای ئەوەی وەک شەڕڤانێکی سـامورایی-ی ژاپۆنـی لـە پـای هەڵەیەکـی بچووکـدا، شمشێرەکەی بەبەرچاوی خەڵکییەوە لە سەری دڵی بدات و کۆتایی بە ژیانی خۆی بهێنێت.

هەر ساڵی ١٩٨٦ چەند جارێک سەردانی گوندی سەفرەم کـرد لە شـینکایەتی. ئەم گونـدە وەک ناوچەیەکـی ئازادی بازرگانی وابوو. لە نێوان باشـوور و رۆژهەڵاتدا. شتومەک ئەمدیـو و ئەودیـو دەکرا. پێموابێت لـە گوندی زەروون کە دەکەوتە بەری سنووری رۆژهەڵاتەوە بنکەی گومرگی حیزبی دێموکراتی کوردسـتانی رۆژهەڵاتی لێبوو. لەملاتریشـەوە گومرگی یەکێتی. ئەوەی یەکەمجار لە سەفرە زۆر سەرنجی راکێشام! زوو زوو کۆمەڵێک چەکدار، هەموویان یەک دەست و یـەک رەنگ جلی کوردییان لەبەردابوو و بارە هێسـتری زۆریـان پێبـوو کە چەکی وەک هاوەن و هـی مامناوەندیی تریان لە بارەکانیاندا پێبوو. لەگەڵ هەر یەک لەو دەسـتانەدا چەند پێشـمەرگەیەکی یەکێتیی لەگەڵدا بـوو. ئیتر کۆمەڵێک جلی خاکی، کۆمەڵێک خۆڵەمێشی و بەو جۆرە. تومەس چەند تۆپێک کوتاڵیان بۆ دووریبوون و وەک دەسـتەی دیدەوانی دەهاتنە پێش چاوم. پاش پرسیارکردن بۆم دەرکەوت ئەمانە هەموویان سـەربە سوپای پاسـدارانی ئێرانین و فارسن و جلـی کوردییان لەبەردایە. بـە رێککەوتن لەگەڵ یەکێتی ئەو چەکانـە بۆ دیوی باشـوور دێنن. یەک لـە درۆ گەورەکانی کوردایەتی لەو پرۆسـەیەدا ئەوە بوو کە ئەو پاسـدارانە بە جلـی کوردییەوە بە بنکەی گومرگ و پێشـمەرگەی حیزبی دیموکراتدا هاتنە ئەمدیوەوە! ئەو کات شیعرەکەی مام هێمنم بیرکەوتەوە:

کوردە لە سایەی حیزبی دیموکرات؛
حیزبی دیموکرات تۆ ئەدا نەجات؛
بژی دیموکرات.. بژی دیموکرات..

هێــزی پێشــمەرگەی یەکێتی، باشــترین و ڕێکخراوترین هێزی پێشــمەرگەی کوردســتان بوو تا ئەو سەردەمە. ئەم هێــزە نەبەردی زۆری لەگــەڵ دوژمندا ئەنجامــدا. هیچ لەو شەڕە گەورانە لە وەتەری بەعسی بە تەواوەتی نەدا تاوەکو ئەو پاسدارانە و ئەو هاوەن و چەکە مامناوەندییانەی هێنایە دیوی باشوورەوە و هەموویانی بردە نزیک کەرکوک و بیرە نەوتەکانیان کوتا! ئۆپەراسـیۆنێکی لــەو جۆرە کە پێموابێت بەســەرۆکایەتیی نەوشــیروان مســتەفا بــوو، ئەگەرچــی زیانێکی ماددیی ئەوتۆی بــەدواوە نەبوو، بەڵام یەکێک بوو لــە گەورەترین لووتشــکانەکانی بەعــس. بەتایبەتی کە هەر ئــەو ڕۆژە چاکــم لەبیرە ڕادیۆی تاران باســی گرنگیی ئەو نەبەردەی دەکرد و هاواری دەکرد کە سوپاســی پاسداران لــە نزیک کەرکــوک و بە قوڵاییی ســەدان کیلۆمەتر لە بیرە نەوتییەکانــی کەرکوکیــان داوە بەبێ ئەوەی باســی یەکێتی و پێشــمەرگەی یەکێتی بکات کــە زۆرترینی کارەکان ئەوان کردیان!

پاشــتر دیاربــوو یەکێتی بەمــە قەڵس بوو، ناهەقیشــیان نەبــوو و پاش پەیوەندی کردنێکی زۆر لە دەنگوباســەکاندا بەشی یەکێتیشیان وەک یارمەتیدەری ئۆپەراسیۆنەکە دا.

ئەم ئۆپەراسیۆنە یەکێک بوو لە درۆکانی تری کوردایەتی. چەند ســاڵێک پێشــتر هەمان ئەو پێشــمەرگانە کە بە هێزی پشــتیوانی ناودەنــران بــۆ یارمەتیــی حیزبــی دیموکــرات دژی پاســداری ئێرانی شــەڕیاندەکرد و پاشــتر هەمان ئەو پێشمەرگانە لەگەڵ پاسداران بوونە هاوسەنگەر لە دژی ئێراق

و بیـــرە نەوتەکانی کەرکوکیـــان هاوەنبارانکرد. چەکەکانیش سـوپای تاوانباری پاسـداران بە بەرچاوی پێشمەرگەکانی حیزبـی دیموکـرات هێنایانـە باشـوورەوە.. ئـەم ڕێپێدانی هاتوچۆیە بەو شێوە سەیرە لە خۆشم روویداوە بەڵام زۆر بـە بچووکـی. سـاڵی ١٩٨٧ کاک ئازاد نامەیەکـی دامێ کە بیبەم بۆ دکتۆر قاسملۆ لە گەڕەدێ، ئەوکات سەرکردایەتیی حیزبـی دیموکرات لەو گوندە بـوو، ڕێگاکەی واهی بوو کە دەبووایە بەژێر رەبایەی سـەربازی ئێڕاقیدا بڕۆیشـتیتایە، دیارە پێشتر ئەو زانیارییانەیان پێ وتبووم. ئەوان دەیانزانی کە کێ پێشـمەرگەی باشـوورە و کێـش رۆژهەڵات! چونکە جـل و بەرگمان هەندێـک جیاوازیی تێدابوو، بەڵام نە ئەوان قسـە و نە ئێمـەش دەنگ! بەژێـر رەبایـەی ئێڕاقیدا چووم بـۆ لای حیزبـی دیموکرات! بەداخەوە دکتـۆر لە بەغدا بوو و هەرگیـز ئەو سـەرکردەیەم نەبینی! نامەکەم دایە دەسـت دوو لە ئەندامانی سـەرکردایەتی یان باڵای حدکا. کە چومە ژوورەوە بـۆ لایان تاوڵەیان دەکرد، یەکێکیانم باش بیرماوە کە کاک هاشمی کەریمی بوو و زۆر ڕێزیان لێنام.

هەڵبـەت یارمەتییەکەی یەکەمیان بۆ حیزبی دیموکراتیش هـەر درۆیەکـی کوردایەتی بوو و تاسـەر نەبـوو. ئەمەی کەرکوکیش بووە درۆیەکی تری کوردایەتی و ئەوەندەی تر بەعسی هارتر کرد و کوردستانی زۆرتر وێرانکرد.

کوردایەتـی، هەرگیـز لـە سیاسـەت و فێڵـی سیاسـی تێنەگەییشـت و تێنەگەییشـتووە. بۆیـە هـەردەم بەهـۆی هەڵەکانییەوە بەهانەی زۆرتری داوەتە دەست تورک، فارس و عەرەب، تا کاولکاریی زۆرتر لە کوردستاندا بکەن..

نموونـــەی لەم بابەتە گەلێک زۆرن و هیوادارم دڵی کەس نەئێشـــێنم کە بڵێم هەڵەبجەش بووە قوربانیی هەمان درۆی کوردایەتـــی.. بەداخەوە ئـــەم رووداوەی هەڵەبجـــە ئەوەندە هەســـتیارە کە کەس ناوێرێت باســـی بکات و خۆی بدات لە قـــەرەی ئەو کارەســـات / هەڵە گەورەیە. ئـــەم دێڕانەم وەک پاکانـــە بـــۆ داگیرکـــەری بەعس بۆ لە قەڵەم مـــەدەن! چونکە خۆشـــبەختانە بەعـــس نەمـــاوە تاوەکـــو بەرژەوەندییەکـــم لەگەڵیاندا هەبێت!

دیـــارە بۆ هـــەر گۆڕانکارییـــەک دەبێت قوربانـــی بدرێت. زۆرجار رووداوێک، ئەگەر بچووکیش بێت رەوڕەوەی مێژوو دەگۆڕێت، یان دەبێتە هۆکاری کارەســـاتێک. بۆ نموونە گەر پێشـــمەرگەکانی پارتی لەگەڵ ئێران زنجیرە چیای گردەمەند و ناوچەکانـــی حاجی ئۆمەرانیان نەگرتایە، ئایا کۆمەڵکوژیی بارزانییەکان روویدەدا! ناتوانم بڵێم نەخێر، بەڵام پرسیارێکە شایستەی لەسەروەستان و توێژینەوەیە.

هەڵبەت من تەنها و تەنها ئەو نموونانە دێنمەوە کە خۆم یان دیومن یانیش لە نزیکەوە شارەزاییم تێیاندا هەیە. ئەگینا هەڵدانەوەی مێژووی ســـەد ســـاڵەی رابردووی کوردایەتی، بریتییە لە ناشرینترین مێژووی نەتەوەییمان.

سەرباری ئەو هەڵە و درۆ گەورانەی کوردایەتی تا کاتی ئەنفال، شـــەڕێکی گـــەورە و خوێناویی لەنێـــوان لایەنەکاندا هەڵگیرساند. هەزاران مرۆڤی ئێمەی کردە قوربانیی ئەو درۆ گەورەیە، کارەساتی واهیی نایەوە کە تا ئێستا لەبیرناچنەوە. هـــەر یەک لـــەو لایەنانـــەش خۆیی بـــە دەمڕاســـتی تەواوی کوردایەتی دەزانی و بەرامبەرەکەشـــی بە دژی کوردایەتی.

واتــە لایەکیان چەخماخە و ئەوی تریان چەخماخســاز! یان بەپێچەوانەوە.
روویــداوە لە شــەڕی نێــوان لایەنەکانــی کوردایەتی کە برایــەک لــەم بەرە و برایەکــەی تری لە بەرەکــەی ئەولا و یــەک لە براکان کــوژراوە.. هیچ دوور نییە بە گوللـەی برای خوێنیی دایک و باوکی کوژرابێت.

پــاش دامەزراندنــی پەرلەمانــی کوردســتان لــە ١٩٩٢، دەمەوێــت چەند دێڕێــک وەک وەبیرهێنانەوە ریز بکەم؛ لە یەکــەم دانیشــتنی پەرلەماندا بڕیاری شــەڕ لە دژی پەکەکە درا، یەکێتی و پارتی چوون بە گژ پەکەکەدا؛ پاشــان یەکێتی و پارتی کەوتنە شــەڕێکی وێرانکەرانەی چەند ساڵە؛ پارتی و حســک بووە شــەڕیان؛ یەکێتی و بزووتنەوە سەنگەریان لەیەکتــری گــرت و ســلێمانییان کردە بەیروت؛ لــە باکوور پەکەکــە پاکســازیی لایەنەکانی تری کرد؛ پاشــان پەکەکە و پارتــی؛ کۆمەڵــەکان و دیموکراتەکانی رۆژهەڵات؛ پەکەکە و حیزبــی دیموکرات؛ ئەنەکەســە و پەیــەدە؛ پارتی و یەکێتی؛ گۆڕان و یەکێتی؛ گۆڕان و پارتی...
چیرۆکــی زۆر کاریگــەر هەیە لەو شــەڕانەدا، بەتایبەتی ئەوانــەی کــە پەکەکە لایەنێک بــوون تێیانــدا. لایەنی دژ بە پەکەکــە زۆر کەم ســێرەی لە ناوچەوانــی گەریللا کچەکان دەگــرت و بەمەبەســت هــەردەم قاچیان برینــدار دەکردن! تاوەکو بەزیندووی بکەوێتە دەستیان و ئەوەی کە نە خوا، نە کوردایەتی و نە هیچ شــتێک پێی خۆشە لەگەڵ ئەو کچانەدا بیکەن!

ئەمانــە هــەر هەموویــان بەجۆرێــک لــە جــۆرەکان ســەرئەنجامی کوردایەتی بوون.. کەواتە کوردایەتی جگە لە درۆکانی گەڕەلاوژێیەکی سەیریشە. کوژەرە، ماڵوێرانکەرە، خاکلەدەســتدەرە و بــەو شــێوازەی کــە هەبــووە و هەیــە ناکرێت پشــتی ئەوەی پێ ببەســترێت کە خۆشگوزەرانی و دادپەرەوەریی کۆمەڵایەتی بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کوردســتان بەدیبهێنێت!

قوتابخانــەی کوردایەتــی، کــە دەکرێت بــە قوتابخانەی «خەباتی رزگاریخوازیی» کلاســیکی کوردیــش ناوبنرێت، تەمەنــی نزیکــەی ســەدەیەکە. لــە ســلێمانی لەدایکبوو، کە دەکرێت حیزبی هیوا و بزووتنەوەی شێخ مەحمودی حەفید بە یەکێک لە پەیڕەوکەرانی دابنرێت. لە سەردەمی ژێ-کاف و کۆماری کوردســتان لە مەهابادا زۆرتر کەوتەســەرپێ و دیســانەوە گەڕایەوە ســلێمانی و گەشــەی زۆرتری کرد و پاشانیش بۆ دەیان ساڵ بووە دینەمۆی زۆرێک لە حیزب و لایەنەکانی هەموو کوردستان.

**لە هیچ سەرچاوەیەکی کوردیدا باسی ئەوە نەکراوە کە کێ بۆ یەکەمجار وشەی کوردایەتیی داهێنا. هیچ سەرچاوەیەکی مێژووییــش نییە باس لە گەشــە و پایەکانی ئەم بیرە بکات. کوردایەتی وشــەیەکی گشتگیری ئەو هەڵبەستە حەماسی و چیــرۆک و وتارانەی ناو ئەدەبی کوردی بوون و شــێوازی فۆلکلــۆری وەرگرتــووە و کەس خاوەنی نییــە. کوردایەتی رێچکەیەکــی ئەدەبی بــووە زۆرتر لــەوەی ئایدۆلۆژیایەکی سیاسی و هزری بووبێت. لەم رێچکە ئەدەبییەی کوردایەتی دەکرێــت لــەوەدا کورت بکرێتــەوە کە کوردســتان جێگەی**

**بێچووەشێران بووە و پێشتر وابووین و وا ئازا بووین و وا جوان بووین و وا زۆر ئەفسانەی تر.. زۆر لە ژێر کاریگەریی ئـەدەب و فۆلکلـۆری کوردیـدا بووە، هەموو شـتە باش و خراپەکانـی لەو ئـەدەب و فۆلکلـۆرەوە وەرگرتووە. ئەگەر بەیتە کوردییەکە گوتبێتی؛ سەردەشت و سابڵاخ دەگۆڕمەوە بە ماچێک؛ ئەم (سەرانی کوردایەتی) سەردەشت و سابڵاخی گۆڕیویەتییەوە بە چەند تمەنێک! ماچەکەی کردووەتە تمەن!**

تەنانەت دروشـمە سەرەکی و بەناوبانگەکەی کوردایەتی (کوردسـتان یـان نەمـان) کـەس نازانیـت کـێ دایهێناوە، بـۆ یەکەمجار لە چ تێکسـت، وتارێکدا هاتـووە! «دەڵێن بۆ یەکەمجـار ئیبراهیـم ئەحمەد لە دروشـمێکی کوبییەکانەوە وەریگێڕاوە و بەکوردیی کردووە» لە نیشتمان یان نەمانەوە کردوویەتـی بە کوردسـتان یان نەمان، ئایـا پێش ئەو ئەم دروشـمە هەبـووە یان نـا! ئەوە دیـار نییە. ئەم دروشـمە ئەگەرچی بۆ دەیان سـاڵ پرنسـیپی سـەرەکیی کوردایەتی بـووە و لە هەمـوو بۆنە و کاتێکـدا گوتراوەتەوە، لەسـەر زۆرێک کێلی شـەهیدانی کوردایەتیش نووسراوە، کەچی لە هیچ تێکستێکی کوردایەتیدا روونکردنەوەی لەسەر نەدراوە! ئایـا چـی دەگەیەنێت! کوردسـتان یان نەمان! کوردسـتان لەم دروشمەدا پێش کورد و نیشـتەنییەکانێتی! کوردستان، شـوێنکەوتەیەکی جوگرافییـە، لـە باری لۆژیکییـەوە کورد هەبـێ و نەبێ ئەم هەر هەیـە! ئایا کە کوردایەتی وتوویەتی کوردسـتان یان نەمان! مەبەسـتی تەنها خاکی کوردستانە، یان کوردسـتان لێـرەدا دەبێت هێمایەک بۆ کـورد، ئازادی، یەکسـانی و هەمـوو ئەوانەی تـر کە کوردایەتی ئێسـتاش

نازانێت چییە و چۆن دەبێت.. تەنانەت ئەگەر هەر مەبەستی کوردستان بێت وەک خاک و وڵات، نەشیتوانیوە سنووری ئەو وڵاتە کە کوردستانە بەتەواوەتی بکێشێت و بڵێت ئەمە کوردستانە و ئەوانەش دراوسێکانی! هەربۆیە کوردایەتی خاوەنی دەیان و زۆرتر نەخشەی کوردستانە! نەخشە هەیە کوردستان لەسەر چوار دەریایە! کە زادەی ئەندێشەکانی کوردایەتییە!

لێرەدا جێی خۆیەتی بەراووردێکی سەرپێیی فۆلکلۆر و کوردایەتی بکەم. بەیتە کوردییەکان، لەلایەن بەیتبێژ، شایەر، لاوکبێژ و حەیرانبێژەکانەوە دروستکراون و وتراون. پاشتر بەیتبێژێکی تر بەهەمان ئاوازەوە لەوانەیە گۆڕانکارییەکی کەمی لە هارمۆنی و وشەکانیدا کردبێت و لە بۆنەیەکی تردا وتوویەتییەوە، بەو شێوەیە دەماودەمی کردووە و گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی بەسەردا نەهاتووە. ئەو بەناز بەنازەی کە میستەر ریچ لە سەدەی نۆزدەدا بیستوویەتی، لە یاداشتەکانی خۆیدا وەک نموونەی گۆرانیی کوردی باسی دەکات. لەوانەیە هەر ئەو بەناز بەنازەی ئێستا بێت و دەستکارییەکی زۆر کەمی کرابێت. کەس خاوەنی نەبووە و هەرچی هەستاوە وتوویەتییەوە.

کوردایەتیش هەمان شێوەی ئەو بەیتانەیە، کەس خاوەنی نەبووە، هەرچی هەستاوە فیشەکی پێ تەقاندووە. هیچ کەسێک یان رێکخراوێکیش نەهاتووە بەشێوەیەکی زانستییانە پێناسەیەکی بکات و لە چوارچێوەیەکی ئایدۆلۆژیدا رێکیبخات و بەردەوام چاکسازیی تێدا بکرێت،

ببێتە یاسـا و داینەمۆی ئەوەی کە پێی دەگووترێت خەباتی ڕزگاریخوازیی کوردسـتان. هەر بۆیە بێ خاوەن ماوەتەوە و هەرچـی ویسـتوویەتی بـە ئـارەزووی خـۆی، بـە پێی بەرژەوەندیـی خـۆی، بنەماڵەکـەی، هۆزەکـەی و ئاغاکەی بـەکاری هێنـاوە و بۆهـەر جووڵەیەکـی نەخوازراویشـی هـەر لەناو خـودی کوردایەتیدا هەزار و یـەک بەهانەی بۆ هێناوەتـەوە. کوردایەتی، وشـەیەکی هەژار و بێکەس بووە، تەنانەت کەسـانێک لەسـەر دزی و تاوانیش گیراون کەچی خۆیانیـان بە هەڵگرانـی بیری کوردایەتیەوە هەڵواسـیوە و پاشەڵی خۆیانیان پێ خاوێنکردووەتەوە.. دراوی ڕەش چۆن سـپی دەکرێتەوە، جاشـایەتیش بە تۆببەیەکـی کوردایەتی بووەتە پێشمەرگایەتی و خەبات و سپی بووەتەوە!

سـەیری چـوار دەوری خۆمـان بکەیـن، لەنـاو هـەر نەتەوەیەکـدا بەلایەنی کەمەوە کتێبێک هەیە کە لە دەرەوەی کتێبە ئایینییەکان بە کتێبێکی پیرۆزی دادەنێن و سرووشـی سەربەستی و دامەزراندنی کیانی خۆیانیان لێوەی هەڵهێنجاوە. ئەو کتێبانە بوونەتە «کوردایەتی» یان ئەوانایەتی بۆ ئەوان. لە هەموو کات و بارێکدا دەگەڕێنەوەسەری و بنەما ئاکاری و هزرییەکانی لێوەردەگرن.

ئەمـە لەنـاو کوردا نەبووە و تائێسـتا نییە. جگە لە کتێبە ئایینییەکان، هیچ کتێبێکی تری «پیرۆز» بوونی نەبووە. هیچ کتێبێک لەسەر کوردایەتی نەبووە کە لایەنە هزرییەکانی ئەو بیـرەی تێدا ڕێکخرابێت و لە کاتـە گرنگەکاندا چووبێتینەوە سەری. هەندێکجار لێرە و لەوێ کوردایەتی باسی زەردەشت و ئاڤێسـتای کردووە! بەڵام خودی کوردایەتی نە کوردێتیی

ئەوانەی سەلماند، نە توانیشی تەنانەت یەک لێکۆڵینەوەشیان لەســەر بکات کە شایەنی باس بن!. لەوانەیە کەسانێک هەبن (لەباری سـۆزداری یـان بێئاگاییانەوە) و بڵێـن ئەی کتێبی کاژیکنامــە هــەو نییە! وەڵامی مـن بەدڵنیاییــەوە نەخێرە و پاشــتریش بە کورتی باسی لێوەدەکەم. چونکە من پێم وایە خودی کاژیکنامەش درۆیەکی گەورەی تری کوردایەتییە.

هەر رێڕەوێکی هزری یان ئایدۆلۆژیایەک، بۆ سەرهەڵدانی و چوارچێوەبەستنی، پێویستی بە رووناکبیر هەیە، پێویستی بــە بیریار هەیە. ئەمانە هەمــوو ژیانیان بریتییە لە پەیامێک، ئەویــش دروســتکردنی هزرەکەیــە و هیچــی تــر. مارکس تەنهــا بۆ ئەوە دروســت بوو بــوو کە بیــردۆزی زێدەبایی بهێنێتەکایەوە و بەرگەکانی ســەرمایە بنووسێت، رێساکانی کار، کارگە و کرێکاران بنووسێتەوە و رێکبخات. ئەوە تەنها نامەی مارکس بوو و گەیاندییە مرۆڤایەتی. بەڵام رۆشنبیری کوردی هیچ نامەیەکی ئەوتۆی نەگەیاندووە کە شایانی باس بێت. هەر بۆیە ئەوەیشــی پێــی دەگووترێت کوردایەتی زۆر ناتەواوە.

ئــەوەی کە پێی دەگووترا رۆشــنبیری کورد، بە پێوەری کوردایەتییە ناتەواوەکە، بووە شۆڕشــگێر، شۆڕشــی تێکدا، کەرامەتی گوندییەکانی دەشــکاند و پاشــانیش کە گەڕایەوە شــار، بووە بازرگان، بــووە خاکفرۆش، بــووە نەوتفرۆش، بــووە خــاوەن پاڵاوگــە و کارگــەی چیمەتۆ.. ئــەو بۆ ئەوە دروست نەبوو بوو کە ببێتە داڕێژەری ئایدۆلۆژیایەک وەک بیریارەکانــی نەتەوەکانی تر.. بەڵکــو درۆیەکی گەورە بوو، یەکەمجار لەگەڵ خودی خۆی و پاشــانیش دەوروبەرەکەی.

نە کوردایەتیی کرد، نە مارکسی بوو، نە ماوی، نە ئیسلامی و نە تاسەریش لەسەر ڕێچکەیەک مایەوە.

مێژووی ڕۆشـنبیری لە کوردستان، جگە لە شاعیرەکان، تەنانەت سەدەیەکیش نییە! ئەوە زۆر کەمە بۆ دروستبوونی هـزر یان ئایدۆلۆژیایەکی لەوەی کوردایەتی تاوەکو مرۆڤی کوردسـتانی پـێ سەربەسـت و خۆشـبەخت بـکات. کەمە بـۆ ئەوەی بەرامبەر دژە شـەپۆلی عروبـە و پان–ئێرانی و تۆرانی بوەسـتێتەوە.، کە سـەدان سـاڵ و زۆرتریش پێش ئـەو خەریکـی خۆبەهێزکردن بـوون. بەدڵنیاییشـەوە هەر زۆر کەمە بـۆ ئەوەی کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتی والێبکات کە سـنووری پێنـج وڵات لەبـەر خاتری ئەم هەڵبوەشـێنێتەوە و بچێـت بەگـژ سـایکس–پیکۆدا. بەدڵنیاییشـەوە ئەو کاتی کوردسـتان دابەشکرا، کوردایەتی هەر بوونی نەبوو. ئەگەر بوونی ببوایـە ئەوا دەبووایە ڕێگیرییەکی لەو دابەشـکردنە بکردایە و ئێمە ئێستا سوودمان لەو بەڵگەنامانەی ببینیایە.

ڕۆشنبیری کورد، جگە لەوەی تەمەنی کورتە! هەرگیزیش لە هەڵکشاندا نەبووە. بە کەوتوویی لەدایکبووە. تێبینی بکەن، ڕێژەی ژنکوشـتن لە نەوەدەکانی سەدەی ٢٠ لە هەشتاکانی سـەدەی ٢٠ زۆرترە! لـە دوو هەزارەکانی سـەدەی ٢١ لە نـەوەدەکان زۆرتـرە. لـە دەیەکانـی دوو هـەزار لـە دوو هـەزارەکان زۆرترە! ئەمـە کەوتنی ڕۆشـنبیری کوردە کە نەیتوانی بە کۆمەڵگەی کورد بڵێت نابێت ژن بکوژین.. ڕێژەی خەتەنە لە هەڵکشـاندایە! ئەمە کەوتنی ڕۆشنبیری کوردە کە نەیتوانی وا لە کۆمەڵگەی کوردی بکات کە خەتەنە کوشتنی مرۆڤەکانە.

رۆشــنبیری کورد کە نەتوانێت کەمترین باندۆری بەسەر ژنکــوژی و خەتەنەکردنــەوە هەبێــت! ئیدی چــۆن بتوانێت کوردایەتی پێش بخات و کوردستانی پێ ئاوەدان بکاتەوە!

نموونەیەکــی زۆر ئاســان؛ لــەم رۆژانــەدا (مانگــی ٨ی ٢٠١٨)، ئەفســەرێکی بــاڵای هاتوچــۆ لەســـەر یەکێــک لەو دەیــان کەناڵە تەلەڤزیۆنییــە بێکەڵکانەی کوردایەتی باســی رووداوەکانی هاتوچۆی دەکرد، باسی لە پیک-ئەپێک دەکرد کە بووەتە هۆی رووداوێک و کارەســاتێکی لێکەوتووەتەوە. ئــەم بەڕێزە کــە باســی ئوتومبیلەکــەی کرد وتــی؛ (پیک-ئەپێکــی مەرزییە هۆکاری رووداوەکــە بوو). تێڕامێنن کاتی خــۆی نەخوێندەوارێــک هات نــاوی ئەم ئوتۆمبیلــەی ناونا «مەرزییــە»، جۆرێک لە لاندکرۆزەری ناونا «وەنەوشــە» لەگــەڵ رێزی زۆرم بۆ ئەو خانمانە، بە ســەد دۆلاریی وت «گەڵا یان وەرەقە» و بە دە هەزار دۆلاریی وت «دەفتەر» و زۆری تر لەو ناوە ســەیرانە! کەچی ئێستا رۆشنبیرانیش هەمــان زاراوە بەکاردێنن. ئەوەمان پێ دەڵێت کە کۆمەڵگەی ئێمــە بــە خوێندەوار و رۆشــنبیر و ئەوانی تــرەوە لەلایەن نەخوێندەوارەکانەوە تا ئێستا بەڕێوەدەبرێت.. کە رۆشنبیری کــورد خۆی لەلایــەن ناڕۆشــنبیرانەوە بەڕێوەببرێت! ئیدی دەبێت باندۆری وی لەسەر پێشکەوتن و گۆڕانی کۆمەڵگەی کوردی چ بێت!

رۆشنبیر، کەسێکی فرەزانی سادەیە، جیاواز بیردەکاتەوە و توێژینەوەکانی دەبنە هۆی گۆڕانکاری بەرەو باشــکردنی ئــەو کایەیــەی کــە شــارەزاییی تێیــدا هەیــە. فرەزانــی و

توێژینەوەکانی نابنە دەستکەوتی مادی و پایە بۆ خۆی و نزیکەکانی. پێچەوانەی ئەمە دەبێتە بازرگان و کەسێکی سەربە دەستەڵات و سووڕی ژیانی وەک رۆشنبیر تەواو دەبێت.

ئەم رۆشنبیرەی کورد، بەگشتی و بەدرێژاییی ئەو تەمەنە کورتەی کەسێکی لووتبەرز و خۆبەزلزان و خۆبەفەیلەسووفزان بووە. هەمیشە ویستوویەتی خزمەت بکرێت لەلایەن رەشە خەڵکەکەوە. نەک ئەم خزمەتی ئەوان بکات. هەمیشە ویستوویەتی وەک بندیواران پارەی پێبدرێت و شەوانیش لە یانەکان خۆی مەست بکات و لەملاولاشەوە چەند دۆستێکی ناسکی ببێت و کە بشیەتە سەر مافی ئافرەت دەمی لە هەموو رۆشنبیرانی مرۆڤایەتی درێژتر بێت. خۆیی لە هەموو کەسێک پێ سیکولارترە! بەڵام چیی کردووە و چیی بۆ وڵاتەکەی کردووە! ئەو سەرئەنجامەی بۆ نموونە لە باشووری کوردستان دەیبینین باشترین وەڵامە. کە نەک هەر هیچی نەکردووە، بەڵکو سەرچاوەی زۆرینەی دیاردە خراپەکانی کۆمەڵگەیە. هەر بۆیەشە هیچ بەرهەمێکی هزر و بیری ئەم رۆشنبیرە کوردە تاوەکو ئێستا نەکەوتۆتە بەردەستی کەسانی ناکورد و وەرنەگێڕدراون. لێرەدا من مەبەستم لە کاری ئەدەبی و شیعر و چیرۆک نییە. شتێک نییە ناوی بیر و فەلسەفەی کوردی بێت.. تا ئەوە نەیەتەکایەوە، رۆشنبیری کوردی بوونی نییە!

رۆشنبیری کورد، پێی ئاسایی بووە بۆ ناوبانگ و دەستکەوتێکی خۆی تەنانەت «شکۆ»ی نەتەوەکەشی بشکێنێت. هونەرمەندی کورد، پێی ئاسایی بووە بۆ

ناوبانگێکــی لۆکاڵــی یــان جیهانــی، کــورد لــە بەرهەمــە هونەرییەکەیــدا رســواتر بکات تاوەکو کارەکــەی ببێتە جێ ســەرنجی بێگانان و بەهۆیەوە پاداشتێک، خەڵاتێک یان ژێ ناوبانگێک وەدەسبهێنێت!

ئەم رۆشــنبیرە بەگشــتی، هەردەم سەرشــۆڕ بووە، لەم حیــزب و لــەو لایەن دەســتی پانکردووەتــەوە، هیچ کاتێک رۆڵــی پێشــەنگایەتیی نەدیــوە. بووەتــە شــاعیری دەربار، شــەوانە لەسەر مێزی ئەم لێپرسراو زەمی لێپرسراوێک یان لایەنێکی تری کردووە، تەنها بۆ پێکێک عەرەق یان ئەوەی بۆ رۆژی دوایی لە رۆژنامەی ئەو لێپرســراوەدا چەند دێڕێکی بــۆ بڵاوبکرێتــەوە یان کتێبێکــی بۆ چــاپ و بڵاوبکرێتەوە.. ئەگەریــش ماســتاوەکەی باش کاری کرد! ئــەوا بۆ رۆژانی دواییــش دەچێتــە ســەر تەلەڤزیۆنــی هەمان لێپرســراو و لووتبەرزانە دەکەوێتە منەت بەسەر هەموو کوردا! پاشتریش پارچە زەوییەکی دەدرێتێ و لێرەدا چیرۆکی تەواو دەبێت..

هــەر بۆیــە گرفتــی کــورد، گرفتــی کوردایەتــی، گرفتی کوردستان، رۆشنبیرانێتی...

کــە رۆشــنبیر و رۆشــنبیری نەبــوو، کوردایەتیــش بە ئارەزووی بیری عروبە، پان–ئێرانی و تۆرانی گەشە دەکات. کوردایەتیش بەوهۆیــەوە دەکەوێتە خزمەتی ئەوان. بنەماڵە و هۆزەکانیــش لەبەرژەوەندیــی خۆیــان چۆنیــان بووێــت بەکاریدێنن.

پەیوەندیــی نێــوان رۆشــنبیری کــورد و کوردایەتــی پەیوەندییەکــی راســتەوانەیە. بەهێزیــی رۆشــنبیری کورد، دەبێتە بەهێزیی کوردایەتی و لاوازی و بێکەڵکیی کوردایەتی

هۆکاری لاوازیی یان نەبوونی رۆشنبیری کوردە.

هەربۆیەشــە دەکرێــت بگووترێــت، خراپیــی بانــدۆری کوردایەتــی و دواکەوتوویی کۆمەڵگە، خــودی کوردایەتیی داماو نییە! بەڵکو هەر هەمان ئەو رۆشنبیرە لاوازانەی کوردە کــە نەیانتوانــی کوردایەتــی دروســتبکەن و دێوەزمەیەکی ناتەواویان لە ســەرەتاوە خوڵقاند و بە ناچڵی شــۆڕش یان بزووتنــەوەی رزگاریخــوازی کوردیــان پێی هەڵگیرســاند. ئەمەیە هەڵە گەورەکە!

لە هەشــتاکانی ســەدەی بیســت، کتێبــی کاژیکنامەم بە عەرەبــی و کۆپییەکــی خــراپ دەســتکەوت. ئەوەنــدە پێی شاگەشــکەبووم وامزانــی پێغەمبەرێکم و لە ئەشــکەوتێکدا یەزدان سرووشی بۆ ناردوومەتە خوارەوە!

چــاوەڕێ بووم ئەم کاژیکنامەیە وەڵامی زۆر پرســیارم بداتەوە، خوێندمەوە.. پاشانیش چاپی دووەمی کوردییەکەییم دەســتکەوت. ئەویشــم نەک هــەر خوێندەوە بەڵکو پاشــتر ســەرلەنوێ لەگەڵ هەندێک بڵاوکراوەی بانگی کاژیک تایپم کردەوە و بەشێوەیەکی باشتر بڵاومکردەوە.

لەســەر زۆرێــک لــەو بڵاوکراوانــە نووســرابوون؛ لــە چاپخانەکانی کاژیک چاپ و بڵاوکراونەتەوە، لەسەر بڵاوکراوە عەرەبییەکان نووســرابوون؛ (طبع علی مطابع حزب کاژیک). درۆیەکــی خۆشــە کە کاژیــک لە پەنجاکان و شەســتەکانی ســەدەی بیســتدا کەچە تایپڕایتەرێک ناو بنێت چاپخانەکانی کاژیــک! لەکاتێکــدا کــە پارتی بــە هــەردوو باڵەکەیەوە لەو سەردەمەدا چاپخانەیان نەبووە! تەنانەت هەندێک سەرچاوە

باس لەوە دەکەن کە زۆرینەی بڵاوکراوەکانی پارتی لەو سەردەمەدا لە باڵویزخانەی ئێران لە بەغدا چاپکراوە!

پێناسەی کاژیک بۆ تایپڕایتەر چۆن بوو کە کردی بە چاپخانەکان! پێناسەکەشی بۆ کورد، کوردستان و کوردایەتی هەر هەمان درۆ بوو. بگرە خودی کاژیکنامە یەکێکی ترە لە درۆکانی کوردایەتی!

کاژیکییەکان، تەنانەت ئێستاش کە زۆرتر لە نیو سەدە بەسەر نووسینیدا تێپەڕیوە، ئەو کتێبە بە پیرۆز دەزانن، پێیانوایە کە کتێبێکی زۆر زانستیی بێوێنەیە لەسەر دۆزی کورد و چارەسەرکردنی! کاژیکنامەیان کردووەتە مانیفێستێکی ئاسمانی و بەبێ گۆڕانکاری بۆ هەموو ئان و زەمانێک قەڵغان و سوپەری کوردستانە.

کاژیکنامە، لاپەڕەی یەکەمی بە جەنگڵستان دەستپێکردووە، کوردی کردووە بە بێچووەشێر و لە بێشە دێنەدەرەوە! ئەم بێچووەشێرانە پاڵدەنێن بە دێو و درنجەکانەوە کە رۆژی رووناکی کوردیان کردووە بە شەوەزەنگ.. ئەمە کوورتەی لاپەڕەی یەکەمی کاژیکنامەیە. هەمان وەرگێڕانی کتێبە قەومییەکانی عەرەب کە دەیاننووسی عەرەب نەتەوەیەکی سەربەرزە و خاوەنی پەیامێکی نەمرە و زۆری تر..

ئەوەی جێی تێڕامانی منە، کاژیکنامە بە وشەی «باوک» دەستپێدەکات و نووسەرانی ئەو دێڕانە کە لە سەردەمی خۆیان و ئێستاش بە رۆشنبیر دادەنرێن، پەییان بەوە نەبردووە کە نەدەبووایە نووسینێکی واهی و بە حیسابێک دەبێتە چوارچێوەیەک بۆ کوردایەتی و مرۆڤی کورد، ئەو جیاوازییە بکات و پاشان بێتە سەر دایکە شۆخ و شەنگ

و ستاییشــه بێ-بەهاکانــی تــری کاژیکنامه بــۆ ژن! کە من وەک پاشــکۆی پیــاو و جنێــو دەیانخوێنمــەوە.. کوردایەتی هەر لە ســەرەتاوە تا ئێســتا بیرێکی پیاوســالاری خێڵەکیی کۆنســێرڤاتیڤ بــووە.. نەمبیســتووە ژنێکی کــورد ئەندامی کاژیــک بووبێــت! دیــارە لایەنگــر هەبووە لەباری ســۆزی کەســوکارەوە، بەڵام وەک ئەندامــی کارای کاژیک من زۆر پرسیارم کردووە و ژنی تێدا نەبووە.

لێرەدا، پێویســتە بڵێــم؛ هیچ لایەنێکی کوردســتانی جگە لە حیزبی شــیوعی لە پێشتردا و بەشــێوەیەک لە شێوەکان حیزبــە ڕەوت-ئاپۆییــەکان زۆرتــر، هیچ ڕێــز و بەهایەکی ئەوتۆیان بۆ ژنی کورد دانەناوە.. بۆ ناو چەند ڕێکخراوێکی ژن و ئافرەتانیــان دامەزرانــدووە بەبێ ئەوەی یەک بســت ژنکــوژی و خەتەنەی ژنانی کــەم کردبێتەوە.. ژنی کورد لە کوردایەتیدا بەگشــتی هەر لە خزمەتی پیاودا بووە و لە هیچ کات و ســاتێکدا کوردایەتی نەیتوانیوە لە خەم و کێشەکانی ژنی کورد بگات و کەمێک لە ئازارەکانیان کەم بکاتەوە وەک هاوژین، دایک، خوشک و کچی شەهیدانی خودی کوردایەتی.

کاژیکنامە لە ســەرەتاکەیدا دێتەســەر چیرۆکی مرۆڤ و ئافراندنی ژیان و دروستبوونی ڕەگەزی جیاواز و نەتەوە و ئایین و ئەو شتانە.. کە هەر لە چیرۆکی قابیل و هابیلی سەر تەختەگڵینەکانی سەردەمی سۆمەرییەکان دەچێت.

نووســەرانی کاژیکنامە نایشــارنەوە کە بەشــێوەیەک لە شێوەکان بیر و بۆچوونی ساتیع ئەلحەسرییان بەکارهێناوە، بۆیە لە سەرەتای کاژیکنامەدا بە خراپیش بێت، ناویانهێناوە! هەمــان دووبارەبوونــەوەی جەمعییەی ئیتحــاد و تەرەقیی

تورک و  تەعالی و تەرەقیی کورد لە ئەستەنبوڵ!
لە شــیکردنەوە مێژوویەکەیاندا بۆ دروســتبوونی گەلی کــورد، ئەگەرچی من گومانی تەواوم لە نەتەوەبوونی کورد هەیــە و پێشــتر لە نووســینی ترمدا باســم لێوەیکــردووە، دەڵێن کە رابردوویەکی زۆر رۆشــنی هەبووە و زمانەکەیان زمانێکی ئاریایی بووە و زۆرێکی تر لەو قسە بێ بنچینانەی کە ویســتوویانە خەڵکانێکی پێوە ســەرخۆش بکەن و رایان بکێشن بۆ رێکخستنەکەی خۆیان.
ئــەو مێــژووە روون و گەشــەی کــە کاژیکنامــە بــۆ رابردووی کورد باســی دەکات، مێــژووی رابردووی کورد نییە بەدڵنیاییەوە، بەڵکو مێژووی ئەو رەگەزانەیە کە پێشــتر لە کوردســتاندا ژیاون و پاشــان کوردیان پێکهێناوە، لەوانە کاشــی و مادەکان و ئەوانی تر.. کە باســی ئەوانە دەکرێت، باشــترە بگووترێت کوردستانی یان کوردستانییە کۆنەکان، نەک کورد!
لــە پــاش مــاد، مێــژووی کورد نــە روونــە و نــە هیچ شانازییەکیشــی تێدایــە. هاوکێشــەیەکی زۆر ســادە بووە، کۆمەڵێک هۆز یەکتریان کوشــتوبڕ کردووە و هەر یەکەیان لە دژی ئەوی تر خۆیی خستووەتە پاڵ یەکێک لە زلهێزەکانی دەرەوەی کوردســتان. مێژووەکــە لەمە زۆرتــری تێدا نییە! کــەس ناتوانێــت بە وشــە و هەڵبەســت جوانی بــکات! هەر کەســێکیش پێچەوانەی ئەمە ئەو مێژووە بکاتە مێژوویەکی جوان، بنەمایەکی لۆژیکیی نییە و زۆرتر زیان بە خودی ئەو مێژووە و پاشەڕۆژی کوردایەتی دەگەیەنێت نەک سوود.
کە دێتەسەر باسی گواستنەوەی دەستەڵات لە مادەکانەوە

بۆ پارسەکان، زۆر ساکارانە باسی گواستنەوەی دەستەڵات لە مادەوە بۆ پارس دەکات.

پاش ئەوانیش کاژیکنامە، دەچێتە سەر باسی مێژووی ئیسلام و دەوڵەتەکانی ئەمەوی، عەباسی و ئنجا سەفەوی و عوسمانی و پەیوەندییان بە کوردەوە و دژایەتیکردنی کورد. ئنجا رووخانی دەوڵەتی عوسمانی و جەنگە جیهانییەکان.

پاشان بە سەروگوێلاکی حیزبی هیوا و ماجید مستەفادا دێتەخوارەوە. ئنجا دەکەوێتە ناو کۆمۆنیستەکان و ئەمانیش بەشی شێر لە کاژیکنامەدا وەردەگرن!

کاژیکنامە زۆر بێتامانە، درێژدادڕانە و ناپێویست باسی لە کۆمۆنیست و شیوعییە کوردەکانی ئەوکات کردووە. بەشێوەیەک کە کاژیکنامە دەخوێنیتەوە، وادەزانیت کە نووسینێکە دژی کۆمۆنیزم و شیوعییە کوردەکان نووسراوە و هیچی تر.. تەنانەت پاش شیوعییەکانیش کە دێتە سەر پارتی، هەر باسی هەمان شیوعییەکان و پەیوەندیی پارتی و شیوعییەکانە پێکەوە! ئەوەندەی باڵی چەپی ناو پارتیی کوتاوە! ئەوەندە کاری بەسەر ئەوانی ترەوە نەبووە، پاشتریش لە بڵاوکراوەکانی تری کاژیک زۆر نادادپەروەرانە باسی رووداوەکانی ١٩٦٤ و ١٩٦٦ دەکات، دژایەیتییەکی سەیری باڵی مەکتەب سیاسی (ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی) دەکەن. ئەمەش هەر هۆکاری گرێ دەروونییەکەی کاژیکە بۆ شیوعییەکان و پێداگیریی باڵی (پارتی گەلی کورد)ە لەناو کاژیکدا.. ئەم لایەنەی کاژیکنامە دەکرێت زۆر توێژینەوەی لەسەر بکرێت، دامەزراندنی کاژیک لە ساڵی ١٩٥٩ لە سەردەمی قاسم و دژایەتیی رژێمی ئەوکات بۆ

شیوعییەکان، دەکرێت ڕێکەوت بێت، دەشکرێت بەشێوەیەک لە شێوەکان وابەستەییەکیان تێدا هەبێت! و کاژێک لەو کاتەدا «شەڕی وەکالەت»ی کردبێت! پرسیارەکە لێرەدایە؛ کە کاژێک و کاژیکنامە ئەرگومێنتی بەهێز و سازێنەریان پێ نەبوو لە دژی تیۆریی مارکسیزم - لینینیزم، ئەو دژایەتییە سەختەیان لەچی؟

هەڵبەت ئەو ئەرگومێنتە لاوازانەی کە کاژیکنامە دژی کۆمۆنیزم و کۆمۆنیستەکان باسی دەکات، هەر هەمان وەرگێڕانی پەڕتووکە عەرەبییەکانە کە لەو سەردەمەدا باسیان لە عروبە دەکرد لە دژی حیزبە شیوعییەکانی جیهانی عەرەبی کە سەرچاوەکانیان لە وەهابی و ئیخوان موسلیمینەوە دەهاتن.. خودی خۆم هیچ توێژینەوەیەکی کوردانەی تێدا نابینم لە دژی کۆمۆنیزم. ئەوەی زۆر پێکەنینم پێی دێت کە کاژیکنامە شیوعییەکان بە قومارباز ناوزەد دەکات. هەر ئەو دژایەتییەی کاژیکنامەش بوو بۆ شیوعییەکان بەشێوەیەک لە شێوەکان و ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ ببێتە هۆی تیرۆرکردنی هەندێک لە شیوعییە کوردەکان لە شاری سلێمانی و بەهانەیەکیش بوو بۆ ڕووداوەکانی کانی ماسی و تیرۆرکردنی بەکۆمەڵی شیوعییە کوردەکان لەلایەن پارتی گەلی کورد / کاژیکەوە (کاژیک بە هەموو پێوەرێک میراتگری کار و کردەوەکانی پارتی گەلی کوردە).. تێڕامێنن؛ یەک لەو شیوعییە کوردانەی کە لە سلێمانی تیرۆرکرا، نانەوایەک بوو، لە کاتی تیرۆکردنیدا خەریکی شێلانی هەویرەکەی بوو بۆ پەیداکردنی بژێویی خۆی و خێزانەکەی، بەڵام گوللەیەکی کوردایەتی خوێنی

وی و هەویریـان تێکەڵکرد.. ئەوە بـوو بەڵای کاژێکنامە بۆ مرۆڤـی کـورد.. زۆرینـەی ئـەو تاوانانە بە سەرسـەری و چەقۆکێشـەکانی سـلێمانی کران کە زۆریـان دەرزیی دژە شـیوعیی دەرمانخانەکەی کاژێکنامەیان لە مێشـک درابوو.. شـەڕێکی قێزەونی بەوەکالەت بوو کـە کاژێک و کاژێکنامە راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ خراپ تێوەی گلابوون و تەنها مرۆڤـی کورد تێیـدا زەرەرمەند بوون.. راسـتەوخۆ لێرەدا مەبەسـت لەوەیە کە کەسـانێک کاژێکی بوون یان لەسـەر کاژێک حیساب بوون (یان پاشتر بوونە کاژێک) و بە کردار بەشـداریی ئەو مرۆڤ کوژییەیان کردووە. ناڕاستەوخۆش ئەو ژەهرانەی ناو کاژێکنامە و بڵاوکراوەکانی بانگی کاژێک بـوو لـە دژی شـیوعییەکان کە زۆرێک لـە مرۆڤی کوردی کردە سـووتەمەنی.. خودی خۆم، کـە ماوەیەک دواکەوتەی ئـەو بیر و حیزبە بووم، ئەگەرچی دوور و نزیک پەیوەندیم بەو تاوانانـەوە نەبووە، بەڵام بە جۆرێک لە جۆرەکان خۆم بەتاوانبار دەزانم و داوای لێبووردن لەو قوربانییانە دەکەم.

زۆر جار گوێم لێیان بووە کە هەندێکیان زۆر شـەرمنانە (دیـارە تەنها بە قسـە) کوشـتاری شـیوعییەکانیان داوەتە پاڵ پارتی گەلی کورد (حیزبەکەی حەمەی عەزەدۆم، شـێخ محەمەد هەرسین و عەبدوڵڵا ئاگرین کە هەرسێکیان سەربە پارتی بوون)، کە پارتێکی وەک خۆیان دەڵێن نزیک لە پارتی بـووە لەو کاتەدا و پاشـتر لەگەڵ کاژێکـدا یەکیگرت. بەڵام تا ئێسـتا نـە کاژێک، نە یەکێک لـە ئەندامانی دوور و نزیک باسی ئەو کوشتارەیان نەکردووە و هیچیان بەسەر خۆیاندا نەهێنـاوە! کە پارتی گەلی کـورد خاوەنی ئەو هەموو تاوانە

بوو! کاژیک چۆن رێــی بەخۆیدا لەگەڵ ئەواندا یەکبگرێت و لە ئەدەبیاتیشــیاندا ئەم یەکگرتنە وەک مژدەیەکی نەتەوەیی بڵاوبکەنــەوە. بەمەرجێک ئەم یەکگرتنە ماوەیەکی زۆر کەم پاش کوشتارەکەی کانی ماسی بووە! تا کاتی مژدەنامەکەی کاژیــک بۆ یەکگرتنــی کاژیک و پارتی گەلــی کورد، لە هیچ دۆکومێنتێکی ئەوتۆدا باسی ئەو پارتی گەلی کوردە نەکراوە کە شــایەنی باس بێت بەتایبەتی پێش ساڵی ١٩٦٤ کە ساڵی یەکگرتنــی کاژیک و ئــەم پارتەیە! هەر بۆیــە بوونی پارتی گەلی کورد لە ســەرەتاوە بە گومانێکی گەورە دەزانم و کێ دەڵێت ئەمە یارییەک و درۆیەکی تری کوردایەتی نەبووە بۆ پاککردنەوەی پاشــەڵی کاژیک لە رووداوەکانی کانی ماسی و کوشتنی شیوعییەکانی سلێمانی!

ئــەم گرێــی کۆمۆنیزمە لە کاژیکــەوە گوێزرایەوە بۆ ناو پاسۆک. ئەگەرچی پاســۆک و حیزبی شیوعی لە بەرەیەکدا بوون، بەڵام هەرگیــز نێوانیان باش نەبووە و هیچ لایەکیان لەگەڵ یەکتردا راســتگۆ نەبوون. شــیوعییەکان بەهۆی کار و کردەوەکانــی کاژیکەوە و پاســۆکیش بەهــۆی کلتووری کاژیکەوە. پاییزی ١٩٨٧، ئەو کات کۆمەڵێک عەرەبی ئێراقی لە حیزبی شــیوعی جیابوونــەوە. بەداخەوە دروســت ناوە نوێیەکەیانم بیرنەماوە بەڵام شــتێکیان دروســتکرد بەناوی شیوعیی دیموکراتی ئێراقی (ناوێک لەو بابەتە). یەکەم حیزب کە یارمەتیی راگەیاندنی ئەو دەستە جیابووەوەی دا پاسۆک بوو (بە مەرجێک پاســۆک خۆی نان نەبوو بیخوات. مانگانە یەکێتــی کەرەمی دەکرد و شــەش هەزار دینــاری دەداینێ، یەک لەو مانگانەیە خودی خۆم لەگەڵ پێشــمەرگەیەکی تردا

وەرمگرتــووە و لە یاخســەمەرەوە هێناومانــە بۆ مالوومە)! خۆشــم بەشــداریم کرد لــە چاپکردنی کتێبێکیــان بە زمانی عەرەبــی لەســەر راســپاردەی کاک ئــازاد کــە هەمــووی دژایەتی بوو بۆ حیزبی شــیوعی، واتــە دووبارەبوونەوەی گــریێ دەروونییەکــەی کاژیک بەڵام بەشــێوەیەکی تر. دیار بــوو ئــەو کاتە بۆ مــن چالاکییەکــی واهــی کوردایەتییەکی زۆر بێوێنــە بوو کە بەشــداری بکەم لــە چاپکردنی کتێبێک دژی شــیوعییەکان!.. پاشــتر حیزبی شــیوعی بــەو کارەی ئێمەی زانی و زۆر چاوشــۆڕیان بوویــن! کتێبەکە لە دۆڵی کەرکەر–ی بەرامبەر بەرگەڵــو چاپکرا کە ئەوکات مەکتەبی راگەیاندنی پاســۆکی لێ بوو. هاورێ پشــکۆ (وابزانم ئێستا لە ســوید دەژی) کە لێپرسراوی بارەگای شیوعییەکان بوو بەرامبــەر ئێمە، کە بە رووداوەکەی زانی هاوڕێیانی خۆیانی لــە قەرەداغ لــێ ئاگادارکردەوە. خۆشــییەکەی لــەوەدا بوو کــە نامەکەی بــە هاوبیرانی ئێمەدا نارد بۆ قــەرەداغ!.. کاتی خۆی هەموو ئەو رووداوانەی ســاڵی ١٩٨٧ی ناو پاســۆک و رێکەوتەکانیــان بــە وردی لە دەفتەری پێشــمەرگایەتیمدا تۆمارکردبــوون. بەداخەوە ئەو رۆژژمێرەم فەوتا و هەرگیز دەســتمنەکەوتەوە. خۆزگــە دەما، ئێســتا دەمتوانی هەندێک رووداو باشتر و وردتر بگێڕمەوە.

کاژیکنامە، لە کۆتاییدا دێتەســەر باســی «فەلســەفە»ی کوردایەتی و دەســتپێکی بە دەستپێکی دروستبوونی خودی کــورد دادەنێت! بەبێ ئەوەی دروســت پێمــان بڵێت کەی و چۆن! پاشــتر باســی هەندێک لە هەڵبەستی شاعیرانی کورد

دەکات کە باســی ئەدەبی بەرەنگاری دەکات و کردوونی بە سرووشی بیری کوردایەتی.

لە باسی یەکســانی بۆ گەل و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، وایان تێکەڵ کردووە کە خۆشیان نازانن چی دەڵێن و چۆن لە دێوەزمەی سۆشــیالیزم خۆیان دەرباز بکەن، نەک پێیان بڵێن ئەمەتان لە شیوعییەکانەوە وەرگرتووە! ئەم دێوەزمەی سۆشــیالیزمە لە پاسۆکیشــدا هەبوو، پاسۆک کورتکراوەی پارتی سۆشیالیســتی کورد بوو، مــن زۆر جار لەگەڵ کاک ئــازاد گفتوگۆی ئەو سۆشــیالیزمەی پاســۆکم کــردووە و هەمان قسەکانی کاژیکنامەی بۆ کردوومەتەوە. بەدڵنیاییەوە ئەویش لە کاژیک زۆرتری پێ نەبوو لە سۆشیالیزمدا.

لــە کۆتاییــی پوختــەی بیروبــاوەڕی کاژیکدا، کــورد بە نەتەوەیەکــی بلیمــەت! دادەنێــن. بــێ ئــەوەی بــۆ ئێمەیان روونکردبێتــەوە چۆن و بە چ شــێوەیەک بلیمەتین، چیمان پێشکەشــی نەک مرۆڤایەتی! بەڵکو خودی خۆمان کردووە. ئەمە درۆیەکی رووت و بەشێکە لە درۆکانی درۆ گەورەکەی کوردایەتی کە کاژیکنامەیە.

ئەوانەی کاژیکنامەیان نووسی و لە تۆپی کاژیکدا بوون، نە سیاســی بوون و نە فەیلەسوف! بەڵکو کۆمەڵێک شاعیر، ئەدیــب و زمانەوان بوون و دەســتیان دابووە کارێک کە نە کاری ئەوان بوو و نە تواناشــیان بەســەریدا رادەگەییشت! هەڵبــەت زۆریــان پەییــان بــەو راســتینەیە برد کــە چییان کــردووە! هەربۆیە زۆرینەیان جارێکی تر بەلای سیاســەتدا نەڕۆیشــتنەوە، یان ســەری خۆیــی هەڵگرتــووە ببڕای ببڕ بــە رێبواریش بە کوردســتاندا نەڕۆیشــتووە، دیارە تیایاندا

هەبووە کە هەرگیز پێشبینیی ئەو کارە خراپانەی نەکردووە و دەستی لە کارکردن کێشاوەتەوە.. کە من زۆر ڕێز لەو هەڵوێستەیان دەگرم.. من پێم وایە کەسێک تێکستێکی ناسکی وەک (ست فاتیمە)ی نووسیبێت، ئەستەمە دەستی لە کوشتنی شیوعییەکاندا هەبێت.. هیچ بەڵگەم بۆ ئەمە نییە و تەنها هەستێکی خودیی خۆمە.

کاژیک، هەوڵێکی شکستخواردووی ناتەواو بوو تاوەکو کوردایەتی بخاتە ناو چوارچێوەیەکی هزرییەوە، ئەو چوارچێوەیە بەهیچ جۆرێک نوێنەکرایەوە، بەشێوەیەکی زۆر سادە و ناتەواو بە ئێمەیان وت؛ کە نەتەوەیەکی دابەشکراوین و وڵاتەکەمان داگیرکراوە و کوردایەتی ڕزگامان دەکات و هیچی تر.

بەکارهێنانی وشەگەلی وەک ئاری-زمان، هاونەژاد و ئاریایی بۆ ڕاکێشانی سۆزی فارسەکان و ساواکییەکان لەلایەن کاژیکییەکانەوە دەچێتە خانەی بێ-ئاگایی و ناحاڵیبوون لە مێژووی هەردوو کورد و فارس و زمانەکانی فارسی و کوردی، ئەمە کارەساتە چونکە لە ترۆپکی کاژیک زمانەوانی زۆر ناوداری تێدابوو! نە کاژیکنامە، نە ڕۆشنبیرانی پێش ئەویش و بەداخیشەوە نە هی دوای ئەویش نەیانزانی کە (ترس) فۆبیای فارس چییە و بۆچی تاوەکو ئێستاش زمانی کوردی لەلایەن زۆرێک لە فارسەکانەوە بە شێوەزارێکی لۆکاڵیی ئێرانی یان فارسی دادەنرێت. تەنانەت زۆرێک لە پان-ئێرانیستەکان و لەوانەش حیکمەتییەکان کوردیشیان وەک نەتەوە قبوڵ نییە و بە ڕەگەزێکی ئێرانیی

سەربە فارسی دادەنێن.
زۆر سەرچاوەی مێژوویی باس لەوە دەکەن کە تا سەردەمی سەرهەڵدانی قاجارییەکانیش زمانێک نەبووە بە ناوی زمانی فارسی! بەڵکو پێشتر ئەو زمانەی کە ئێستا پێی دەڵێن فارسیی ئەفغانی و ناوە رەسەنەکەی زمانی دەری-یە لە سەرانسەری ئێران و ئەفغانستانی ئەوکات برەویی هەبووە و پێیی نووسراوە و خوێندراوە! تا سەردەمی قاجارەکانیش زمانی فەرمیی دەرباری ئێرانییەکان بووە.
هەڵبەت من زمانەوان نیم! بەڵام هەستەکانم پێم دەڵێن کە هەردوو زمانی دەری (فارسیی ئەفغانی) و کوردی زۆرتر لە یەکەوە نزیکن تاوەکو کوردی و فارسی! چ لە رووی دەربڕینەوە و چ لە رووی وشەدانەوە. ئەگەرچی هەردوولا لەباری جوگرافییەوە هیچ بەرکەوتەیەکیان نییە و تەواوی فارسەکان کەوتوونەتە نێوان هەردوو لامانەوە! ئەمە ئەوە بە من دەڵێت کە زمانی دەری زۆر لە فارسی رەسەنترە و دەکرێت لێکۆڵینەوەی زۆری لەسەربکرێت لەبارەی پەیوەندیی بە زمانی کوردییەوە.
فۆبیا، یان گرێی دەروونیی هەردوو دەری و کوردی بۆ ئەو دەستەڵاتەی کە ئێرانی گرتەدەست گەورەتر بوو، تاوەکو زمانی دەریی لە ئەدەبیاتیدا نەهێشت و کردییە فارسیی ئەفغانی. فارسیش بووە جێگرەوەی دەری و خۆیشی کردە میراتگری هەردوو زمانی مادی و پارسیی کۆن کە لەو زمانەوە داکەوتوون کە ئاڤێستای پێ نووسراوەتەوە. زمانی کوردیش نزیکترین زمانە بۆ ئاڤێستا بە بەراورد بە زمانەکانی دەری و فارسی، هەربۆیە فۆبیاکە هەر دەریی

نەگرتەوە و زمانی کوردیش بووە قوربانیی ئەو فۆبیایە.

فارسەکان چەندین سەدەیە کار لەسەر ئەم فۆبیایەیان دەکەن. تا سەردەمی کۆتاییی دەستەڵاتی پادشایی لە ئێران ئەم فۆبیایە و کارکردن بۆی گەییشتە لووتکە و هەنگاوی باشیشی بڕی. لە پۆلێنکردنی زمانەکاندا کوردییان کردە بەشێکی هندوئێرانی و لە هندوئەوروپی دایانبڕی، من لە زۆر سەرچاوەدا ئەمەم دیوە. بەڵام پاش کەوتنی دەستەڵاتی پادشایی و دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی، ئەوەی پێشووتر بۆ زمانی فارسی و فۆبیاکەی دروستکرابوو، ئەمان خۆشبەختانە بەرەوپاشیانبرد، بەجۆرێک ئێستا زمانی فارسی بووەتە تێکەڵەیەکی کوردی، دەری، عەرەبی و ئازەری! بەڕادەیەک کەسێکی وەک من کە لە ژیانمدا بە فارسی نەمخوێندووە! هەر کتێبێکی فارسیی ئێستا دەخوێمەوە، بەلایەنی کەمەوە نەوەد لە سەدی تێدەگەم، بەهۆی ئەو هەموو وشە عەرەبییەی کە کۆماری ئیسلامی خستوویەتییە زمانی فارسیی ئێستاوە. کەچی بە پێچەوانەوە ئاڵەنگیریی هەر ڕۆشنبیرێکی فارسیی کوردی نەزان دەکەم کە ئەم دێڕانەی من دەخوێنێتەوە، تەنانەت هەر بشزانێت باسی چی دەکەم!

فۆبیای فارسەکان لە کورد، تەنها زمان نەبوو! بەڵکو مێژووشە. چونکە زۆرینەی شوێنەوار و کەرەستە کۆنەکان و ئاتەشکەدەکانی زەردەشتییەکان لە کوردستاندایە. فارس زۆرتر لە سەدەیەکە خەریکی لەناوبردن و کڕینی ئەو شوێنەوارانەیە. لەو رووەوە پێشکەوتنێکی باشیان بەدەستهێناوە! کورد چونکە هێڵی سووری هەرگیز

نەبــووە و نازانێــت چییــە، زۆرێک لەو کەرەســتە کۆنانەی کــە رەســەنی ئاڤێســتا و زەردەشــتییەکان بۆ کوردســتان دەگەڕێنێتــەوە، بە فارســەکانی تاڵانفرۆشــکرد. فارســەکان بــە شــێوەیەکی سیســتەماتیک لە ســاڵی ١٩٩١ەوە هەرچی ئەوانــە بــوو کرِیــان. خودی خۆم ترســی ئەوەشــم هەبوو کــە ئەشــکەوتێکی مێژوویی وەک قزقاپان – قســن قاپان لە چەمــی رەزان، کە ناتوانــن بیگوێزنەوە، کەتنێکی بەســەردا بهێنــن! تاوەکو ئەو شــوێنەوارەش لە کوردســتان نەمێنێت! گرنگیــی نەمــان و ونبوونــی ئەو شــوێنەوارانە بــۆ فارس ئەوەیە کە رەسەنایەتی و پەیوەندیی هەردوو زمانی کوردی و مــادی نامێنێــت.. لــەوەدا بەداخەوە و دیســانیش بەهۆی درۆکانــی کوردایەتییەوە ســەرکەوتنی باشــیان تارِادەیەک بەدەستهێناوە.. بگرە خودی کوردایەتی یارمەتیدەری باشی ئەم فۆبیایــەن. چونکە کوردایەتی نەک زمانی کوردیی پێش نەخســت، بەڵکو لە باشووری کوردستان هەردوو زاراوەی سۆرانی و بادینی بوونە دوو زمانی فەرمی و ئەوەندەی تر باشووری کوردستانی کردە دوو بەشەوە.

بەهــۆی فۆبیــای زمــان و مێــژووی کــوردەوە، مرۆڤی کورد لــە چوارچێوەی ئێراندا بووەتــە هاووڵاتیی دوای پلە یەک. عــەرەب و ئازەرییەکانی ئێران ئەم کێشــەیەیان وەک کورد نییە! چون ئەوان نە زمانیان نە مێژوویان لە خزمەتی فۆبیاکەی فارسدا نییە. کوردی شیعە لە ئێراندا بەهۆی زمان و مێژوویەوە هاووڵاتیی پلە دووە، ئەگەر ئەو کوردە سوننە بێت! ئەوکات زمان، مێژوو و مەزهەبیشــی دەچێتەســەر و دەیکاتە هاووڵاتیی پلە سێ! کارەسات لەوەدایە کە کوردەکە

یارســانی بێت، ئــەوە دەیکاتە هاوولاتیــی دوا پلە و دەچێتە ریزی دوژمنێکی سەرســەختەوە، ســەرباری ئەوەی شیعە نییــە، ئایینەکەشــی ئەوەیــە کــە فۆبیاکــەی فــارس دەکاتە شیزۆفرینیا.

فۆبیاکــەی فارس، هونەر و زانستیشــی هاتووەتەســەر و ماوەیــەک لەمەوبــەر فارســەکان بــە ئاشــکرا دژایەتیی هونەرمەنــدی بەناوبانگــی کوردی کرماشــانی (شــەهرامی نازری)یان دەکرد، تەنها لەبەرئەوەی وتی «خۆم کرماشانیم فارسی نەزیانم؛ وە زمانی کوردی قەزاو لە گیانم»! شەهرام لەپای ئەو شۆڕشــەی کە فارســە رەگەزپەرستەکان لەدژی پیادەیان کرد، ناچــار بوو راگەیاندننامەیەک بڵاوبکاتەوە کە بەڵێ کــوردە و خوداوەند بەوشــێوەیە ئــەوی ئافراندووە.. هەمان کارەساتی ئەحمەد کایا بەڵام بەشێوەیەکی تر.

زانا و ماتماتیکزانی بەناوبانگی کورد، کۆچەر بیرکاریش هەمــان کێشــەی لەلایــەن فارســە رەگەزپەرســتەکانەوە بەرەوڕوو کرایــەوە، تەنها لەبەرئەوەی وتی کە خەڵاتەکەی پێشکەشی چل ملیۆن کورد دەکات.

ئەوە ئەو فۆبیایەیە کە نە نووسەرانی کاژیکنامە تێیگەییشتن و نە ئێســتاش بیرێکی بەهەندمــان لێی کردووەتەوە. هەمان فۆبیاشە کە بووەتە هۆی کاولکارییەکی گەورە لە رۆژهەڵاتی کوردســتان، بەهۆیــەوە ماشــێنێکی گەورەی شــەڕ هەر لە ســەرەتای ســەدەی بیســتەمەوە، پێشــتریش لە سەردەمی شــەڕەکانی سەفەوی و عوســمانی تا ئەمڕۆ لە دژی کورد لەلایەن فارســەکانەوە پیــادە دەکرێت! و بەهۆیــەوە دەیان هەزار کەس لە هەردوولا گیانیان لەدەستداوە.

هەر ئەم فۆبیایەشــە کە هۆکارێکــی بەهێزە و ڕێگری لە جیابوونــەوەی ڕۆژهەڵاتــی کوردســتان دەکات و نایەڵێــت کــورد کیانێکی تایبەت بە خۆیی ببێــت. چونکە دامەزراندنی ئەو کیانە واتە دارمانی ئەفســانەی مێــژوو و زمانی فارس بەدڵنیاییەوە.

کاژیکنامە، نەک لەم فۆبیایە نەگەییشــتبوو! بەڵکو بەهۆی بڵاوکردنەوەی بیری ئارىایی و هاونەژادییەوە بەمەبەستەوە یان بەبێ مەبەســت خزمەتی فۆبیای فارسەکانیشی دەکرد.. هەربۆیە لە هەندێک سەرچاوەدا باس لە هەندێک کۆبوونەوەی کاژیک و ســاواکی ئێرانی دەکرێــت کە من وردەکارییەکانی دروســت نازانم چۆنە. ئەوەندە دەزانم هەندێکیان لە ئەڵمانیا بوون. دڵنیام ڕۆژێک نهێنیی ئەو پەیوەندییانە هەڵدەماڵدرێن.. لەو پەیوەندییە تەماوییانەدا پێم باشە ئاماژەش بەوە بکەم کە پاش ســاڵی ١٩٧٥ کاژیک کەسێکی لە ئەڵمانیاوە ناردووەتە بەغدا بۆ گفتوگۆ (ئەو کەسە ئێستا لە ژیاندا نەماوە)! هاوکات لــە ســلێمانیش حکومەتی ئێراق پەیوەندیی بــە هەندێک لەو کاژیکانەوە کردووە، کە من یەکێکیانم لەســەر ئەو گفتوگۆیە دوانــدووە و ئەوەی پشتڕاســتکردووەتەوە، تەنانەت بەڵێنی پۆستی پارێزگای سلێمانیشیان بەیەکێک لە ئەندامانی کاژیک داوە، هیــوادارم لە بۆنەیەکی تر و نووســینێکی تردا زۆرتر باسی بکەم.

لــه باســی فۆبیادا جێــی خۆیەتی کە کەمێک هەڵوەســتە لەسەر هەردوو فۆبیای تورک و عەرەب لەسەر کوردستان و دژی کورد بکرێت.

فۆبیــای تورک لە هی فــارس ئاڵۆزترە! تــورک نوێترین رەگــەزی ناوچەکەیــە. گەورەتریــن داگیرکــەری بەشــێکی گەورەی کوردســتانە. نەمدیوە رۆشنبیرێکی کورد لە خۆی بپرســێت بۆچی پاش رووخانی دەوڵەتی عوســمانی، تورک هێندە شــێلگیرانە دەیویست تەنها بەردەوامی بە داگیرکاری کوردســتان بــدات و کــورد هــەر بەژێردەســتەیی تــورک بمێنێتەوە! بۆچی تورک وازی لە ئێراق و سووریای عەرەبی هێنــا کــە وەک کورد نزیــک بوو لێی و «دەکــرا» ئەوانیش بەژێردەســتەییی خــۆی بهێڵێتــەوە. بۆچــی تــورک ئەوەی هەیبوو لە لۆزاندا بۆ هێشــتنەوەی کوردی بەژێردەســتەیی خۆی خەرجی کرد! بۆچی لەم رۆژانەدا (٢٠١٨) کە ئابووریی تــورک رۆژ بــە رۆژ لە داتەپیندایە، بەڵام بودجەی شــەڕی تــورک بۆ کــورد و پەکەکە بودجەیەکی پیرۆزە و دەســتی لێوەنادرێت!

فۆبیــای ئەمــان وەک هی فــارس نەبــوو! فۆبیای تورک زۆرتر کلتووری و ئابوورییە.

بەرکەوتەی من لەگەڵ توركدا زۆر کەم بوو. پێش ئەوەی بێمە هەندەران، پێشــتر چەند فیلمێکی تورکیم بینی بوو. ئەو کاتیش ئەوەندە تێکەڵاوی لەنێوان باکوور و باشووردا نەبوو و تەکنەلۆژیاش وەک ئەوەی ئێستا پێشکەوتوو نەبوو. پاشتر بۆمدەرکەوت زۆرینەی ئەو ئەستێرانەی ئەو فیلمانەی کە لە

هەشتاکاندا پیشاندەدران، کورد بوون!

لە ئەوروپا، یان باشتر بڵێم لە هۆڵندا، نانێک هەیە پێی دەڵێن نانی تورکــی، پیتزایەکیش هەیە پێی دەڵێن پیتزای تورکی و چایەکیــش هەیە پێی دەڵێن چای تورکی و قاوەیەکیش هەیە پێی دەڵێن قاوەی تورکی و هەندێک شتی تری لەو بابەتانە.

گەرماوێــک هەیــە لــە ئەوروپا، بــە هەڵمە و پێــی دەڵێن گەرمــاوی تورکــی (تورکیــش هەمــام). واز لــەوە بێنە کە حەمام وشــەیەکی تورکی نییە! ئەمە هــەر ئەو گەرماوانەیە کــە ئەولیــا چەلەبی کە خۆی تورک بــووە و کاتی خۆی کە لە ئەســتەنبوڵەوە هاتووەتە کوردستانەوە و باسی کردووە و زۆر سەرســام بووە پێی! دیارە مرۆڤ کە سەرسام بێت بە شــتێک، یان پێشتر نەیدیوە یان لەوە باشتر لە وڵاتەکەی «خۆی»دا نەبووە و نییە، بەمەرجێک ئەم چەلەبییە لە چینی هــەرە بەرز و دەســەڵاتداری تــورک بــووە. تەنانەت دوای ڕووداوەکانــی داگیرکردنــی عەفرین لەلایــەن تورکەکانەوە لە ســەرەتای ســاڵی ٢٠١٨، وەک دەڵێن یەک لەو تاوانانەی کە تورکــەکان دژی کلتووری کورد بۆ خزمەتی فۆبیاکەیان کردیــان، گواســتنەوەی کەلوپەلــی گەرماوێکــی کــوردی بــوو بــە دار و دیوارییــەوە! لــە عەفرینــەوە بــۆ تورکیا!.. بۆردوومانکــردن و وێرانکردنی شــوێنە کۆنەکانی عەفرین لەکاتی داگیرکارییەکەی تورکیا بۆ عەفرین بەشێکی تری ئەم گرێ دەروونییەی تورکە بۆ کورد. نقومکردنی شــوێنەواری گرنگی حەسەنکێف لە باکووری کوردستان بەهۆی پڕۆژەی گاپەوە، بەشێکی تری ئەم فۆبیایەی تورکە.

ســاڵی ١٩٩٥ ڕێم کەوتە هەردوو شــاری ئەستەمبوڵ و

ئەنکەڕە و زۆر سەرنجی خواردن و داب و نەریت و هەموو شتێکی ئەو وڵاتەمدا. لە شارە گەورەکانی تورکیادا هیچ نانێکم نەبینی لەو نانە تورکییەی هۆڵندا بچێت! ئەمە بووە جێگای پرسیار بۆ من.. پیتزای تورکیشم بەو ناوەوە لە هیچ کام لە شارە تورکییە گەورەکان نەدی، جگە لەوەی هەمان کولێرە بەقیمەکەی خۆمان لەوێ ناوی نراوە (لەهماجون) کە ناوێکی سریانی یان ئارامییە و تورکێنراوە و بە عەرەبی پێی دەگووترێت (لحم بعجین)!

دیارە نە چا و نە قاوەش لە تورکیا بەرهەم نایەن! ئەدی ئەم چای تورکی و قاوەی تورکییە لە کوێوە هاتوون!

هەر لەو گەشتەمدا هاتمە باکووری کوردستان و پاش چەند ساڵێکی تریش چەند جارێک چوومە باکووری کوردستان. ئەو نانەی کە لە ئەورووپا پێی دەگووترێت نانی تورکی، تەنها لە ناوچە کوردییەکانی باکووردا هەیە! ئەو پیتزا تورکییەشی لە ئەورووپا زۆر رەواجی هەیە، بە باشترین شێوەی هەر لە شارە کوردییەکاندا هەیە! تورک خۆیی کردە خاوەنی و ئێستا لە هەر لایەکی ئەورووپا بەناوی ئەوانەوە دەفرۆشرێت و بەکاردەهێنرێن.

زۆرێک لە دیاردە کلتوورییەکان و خواردەمەنی کە ئێستا لە تورکیادا وەک کلتووری تورکی ناسراون، بریتین لەو کلتوورە لەدەرەوەهێنراوانەی سەردەمی عوسمانییەکان و پاشان بۆ تورکیا ماونەتەوە. چا و قاوەی تورکی باشترینی ئەو نموونانە و زۆرێکیش لەوانی تر هی کوردستان و یۆنانستان بوون. هەر بەم پێودانگە کێشەکانی نێوان ئەرمەنستان و تورک، یۆنان و تورک زۆرتر کێشەی

کلتوورییـــه.. خواردنـــه‌وه‌ی ئوزۆ-یـــان کردووه‌تـــه راکی و مه‌زه‌ی تزاتزیکی-یشیان کردووته جاجیک! گیرۆس (گه‌س) یشیان کردووه‌ته دۆنه‌ر.

له یه‌کێک له گه‌شته‌کانی گه‌ڕانه‌وه‌م له کوردستاندا، هه‌ر له سلۆپییه‌وه تا ئه‌سته‌مبوڵ من له پاسه‌که‌دا گوێم له گۆرانیی تورکی ده‌گرت! زۆرینه‌ی هه‌ره زۆری هارمۆنی و ئاوازیان، رۆحـــی کوردی و کرمانجـــی بوون و کرابوونه تورکی و به تورکی ده‌گووترانه‌وه! له‌م لایه‌نه‌وه که‌ســـانی وه‌ک ئیبراهیم تاتلیســـاز بانـــدۆری زۆر خراپی هه‌بووه له‌ســـه‌ر کلتوور و هونـــه‌ری کوردی و هـــه‌ر به زمانه‌که‌ی خۆیان پێشه‌کشـــی تورکه‌کانیـــان کـــردووه. که من پێم وایه ئه‌مـــه گوناهی ئیبۆ نییـــه بـــه ته‌نهـــا و کوردایه‌تـــی و «رۆشـــنبیر»ان ده‌بووایه که‌ســـانی وه‌ک ئیبۆیان ئاڕاســـته بکردایه که ئه‌وه‌ی ده‌یکه‌ن کارێکـــی گه‌لێک قێزه‌ونه و دزینی کلتووری نه‌ته‌وه‌ییمانه بۆ تورکه‌کان.. هه‌ر به‌م پێودانگه دیسان کاره‌ساتی ئه‌حمه‌د کایا به‌بیردێنمه‌وه که چۆن له تورکیا ده‌رکرا و گۆڕ غه‌ریب کرا، ته‌نهـــا له‌به‌رئه‌وه‌ی ئه‌و هونه‌رمه‌نده کورده، که ده‌یان ســـاڵ جێ شانازیی موزیک و گۆرانیی «تورک»ی بوو، ویستی به کوردی گۆرانی بڵێت و فۆبیاکه‌ی تورک بخاته مه‌ترسییه‌وه.. سووکترکردنی ئیبۆ و بردنی بۆ عه‌فرین، به ئاوازی کوردی تێکستی تورکی گۆرانی بۆ که‌وتنی عه‌فرین بڵێت هه‌ر هه‌مان فۆبیایه.

پێشـــتر زۆرێکم له‌ســـه‌ر ره‌وی ئه‌م تورکانه بۆ تورکیای ئێســـتا و ئه‌نادۆڵ خوێندووه‌ته‌وه. زۆرینه‌ی ئه‌و سه‌رچاوانه له‌ســـه‌ر ئه‌وه کۆکن که هـــۆزه تورکییه‌کانـــی مه‌گۆل کاتێک

هاتوونەتە ناوچەکە، جگە لە ئەسـپ و شمشـێرەکانیان هیچ شتێکی تریان پێ نەبووە. دابێتیان بەسەر هەر گوند و شارێکدا کاولیانکردووە و چییان هەبووبێت کردوویانەتە هی خۆیان و خۆیانیـان کردووەتـە خاوەنی کلتـوور و ئابووریی ئەو ناوچە نوێیانەی کە داگیریانکردوون و باکووری کوردستان و تورکیای ئێسـتاش کە پێشـتر زۆرێکـی خاکی ئەرمەن و یۆنـان و بولگارسـتان بووە بوونەتـە خاوەنیان. دوورگەی قوبروس کاتی خۆی یەک تورکی تێدا نەبووە، ئێستا نیوەی تورکە!

هەربۆیـە کلتووری ئێسـتای تورک، کـورد بەتایبەتی و بۆلـگار و ئەرمـەن و یۆنانـی و بەڵکانیی لێدەربێنـە! تەنها ئەسـپ و شمشـێر و کوشـتن دەمێنێتەوە.. فۆبیای کلتوور و ئـەو کلتوورەی بەدەسـتیانهێناوە لـە نەتەوەکانی ترەوە دەبێت بە تورکی بمێنێتەوە، هەر ئەمەشـە لە گرنگترینی ئەو هۆکارانەی کە تورک بەو شـێوە سـەیرە دژایەتیی کورد و هەر کیانێکی دەکات ئەگەرچی لە کیشـوەرێکی تریشدا بێت! هەر ئەمەشـە کە زۆرینـەی هـەرە زۆری منداڵی تورک بە دژایەتیی کورد و نکوڵیکردنیان گۆش و پەروەردە دەکرێن.

یەک لە شـانازییەکانی بیناسـازیی تـورک مزگەوتی ئایا سـۆفیایە، ئەم مزگەوتە کاتی خۆی کڵێسەیەکی گریکییەکان بـووە و بە شـێوازێکی زۆر نایاب مزگەوتێنراوە. بیناسـاز یـان ئەرکیتێکتەکەی کەسـێک بـووە ناوی سـینان بووە و تورکەکان خۆیان کردووەتە خاوەنی. ئەم سینانە لە بنچینەدا ناوی جۆزێف بووە، فەڵە بووە و موسڵمان نەبووە، تورکیش نەبووە. ناوەکەیان کردووەتە سینان و خراوەتەسەر کلتوور

و ئەرکیتێکتی تورکی.. ئەوەیە راستینەی کلتووری تورک و تورکیایی و شانازییەکانی تورک.

سەرباری داگیرکاریی کلتووری، زۆرترین رێژەی کانزا، وزە و ئاوەکانی تورکیا لە باکووری کوردستانن.. تورک هەرزوو هەستی بەوەکرد کە لەدەستدانی کوردستان واتە لەدەستدانی ئابوورییەکی گەورە بە پڕۆژەی گاپیشەوە و کەشفبوونی کلتووری بەتورککراوی کورد و زۆری تر.

ئەوە کرۆکی فۆبیای تورکە بەرامبەر بە کورد و کوردایەتیش هەرگیز نەیتوانی کار لەسەر گێڕانەوەی ئەو کلتوورە بردراوە بکات!

دروستبوونی هەر کیانێکی کوردی و بە تایبەتی لە باکووری کوردستان، بەدڵنیاییەوە دەبێتە هۆی دارمانی کلتووری و ئابووری بۆ تورک. ئەوان زۆر باش ئەوە دەزانن هەربۆیە بەو شێوە سەرسوڕهێنەرە دژایەتیی دەکەن.. ئەوان بەرگری لە بوون و ژیانی خۆیان دەکەن!

هەرچی عەرەبەکانە، من پێموایە کێشەی زمان و کلتووریان بەرامبەر بە کورد نییە. هەر بۆیە بۆ عەرەبێک ئاساییە بڵێت؛ میری شاعیرانی عەرەب ئەمیر شەوقی کوردە، قاسم ئەمین گەورە نووسەری داکۆکیکار لە مافی ژنان لە جیهانی عەرەبیدا کوردە، پێشی ئاساییە بڵێت؛ سەندرێللای سینەمای عەرەبی سوعاد حوسنی بابا کوردە، یەکەم قورئانخوێنی میسر و جیهان عەبدولباسیت کوردە، گەورە بیریار عەباس مەحمود عەقاد، خاوەنی زۆرتر لە ١٠٠ هەزار وتار! و ئەکتەری بەناوبانگ مەحمود ملێجی و زۆریتر کوردن..

کێشـــەیان لەگەڵ هەموو ئەوانەدا نییە. فۆبیای ئەمان زۆرتر زەوی و ئاوە.. عەرەب لە هەموو نەتەوەکانی تری ناوچەکە زۆرتـــر زۆر دەبن، ژمارەی منداڵان لە خێزانێکی عەرەبی لە فارس، تورک و کورد زۆرترە. بەپێی دوا ئامارەکانی ســاڵی ٢٠١٨، ژمــارەی کورد لە چوارچێوەی ئێراق زۆر لە ڕێژەی عەرەب کەمتر بوونەتەوە و ئەم ڕێژەیە ساڵ بە ساڵ بەرەو دابەزین دەچێت. ئەم فۆبیایە بەپێی تێپەڕبوونی کات گەورەتر و ترســناکتر دەبێــت.. زۆرترینـــی زەوییـــە عەرەبییەکانـــی هەردوو وڵاتی ئێراق و ســـووریا بریتین لە زەویی وشک و بیابان. گەورەترین سەرچاوەی ئاو لە چوارچێوەی سیاسیی ئــەم دوو وڵاتە هەردوو باشــوور و ڕۆژاوای کوردســـتانە. عەرەبــەکان هــەر لە ســەردەمی ئیســـلامەتییەوە ئالوودەی وەدەستخســـتنی ئــاوی خواردنــەوە و ئاودێــری بوون بۆ کشتوکاڵ و مانەوەیان، تەنانەت گرنگترین کار لە سەردەمی قوڕەیش ئاودانی حاجییەکان بووە و تیرەکان لەناو خۆیاندا هەردەم کێشمەکێشــیان بوە، ئەم کێشـــەی ئاو و کشتوکاڵە هۆکارێکــی گرنگــی جەنگــە داگیرکارییەکانی ئیســـلامە کە ناویان نابوو فتوحات. فۆبیای عەرەبی ئێراق و سووریا ئەو ئاو و کشـــتوکاڵەیە. بەلەدەستدانی ئەو دوو بەشەی باشوور و ڕۆژاوای کوردستان واتە خنکان لە تینوێتیدا.. ئەم خنکانە بەرابیەکانـــی لـــە باکووری کوردســـتان و سیاســـەتی ئاوی تورکـــەوە دەرکەوتووە لە کاتێکدا کە پــڕۆژەی گاپ نزیکی تەواوبوونە و تورکەکان بە ئاسانی دەتوانن هەردوو شێرەی ئاوەکانی هەردوو ڕووباری دیجلە و فورات بگرنەوە، بەڵام هێشـــتا چەند کلیلێکی ئەو شێرانە لەدەستی کوردی باشوور

و ڕۆژاوادا مــاوە. هــەر بــەو پێیــە فۆبیای ئاویــش دەچێتە ســەر فۆبیاکانی تورک! لەدەســتدانی باکووری کوردستان بۆ تورکیا، دەبێتە لەدەستدانی تەواوی سەرچاوەکانی ئاوی خۆرهەڵاتــی ناویــن و هەمــوو بەنداوەکانی پــڕۆژەی گاپ، کــە ســەرمایەیەکی بێ ئەنــدازەی تیا خەرج کــراوە، کورد دەبێتە یەکەم دەســتەڵاتی کۆنترۆڵکــەری ئاو و ئاودێری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســتدا.. لــەوەوە تێبینیی ئاڵۆزیی فۆبیاکان بکەن!

کوردایەتــی، نەک تا ئێســتا توانیویەتی کار لەم فۆبیایانە بکات. بەڵکو هەر بەلاشــیدا نەڕۆییشــتووە! و لە زۆر کات و باریشدا خزمەتی کردوون.

فۆبیــاکان جێدەهێڵــم و دەگەڕێمەوە بۆ مالوومە! هێشــتا نوێژ و سەڵاح و نەهجولبەلاغەکەی کاک ئازاد کاری تەواوی تێنەکردبــووم و بڕیارمــدا ببمە پێشــمەرگە! مالوومە، وەک پێشــتر نەمابوو! کەمە کەمە نەبێت خانووی بەپێوە نەمابوو. ئەو قوتابخانەیەشــی کە بارەگای ســەرکردایەتیی پاسۆکی تێدابوو، لەگــەڵ زۆرێک لە خانووەکان بەهۆی بۆردوومانی فڕۆکەکانی ئێراقی عەرەبەوە رووخێندرابوون.

بــارەگای ســەرکردایەتیی (هەرێمی باشــوور) پاســۆک چووبــووە دوورێــک لە پشــتی گوندەکەوە و لــە بن چیای سەرکەشــی ژیلــوان چەنــد خانــووی قــوڕ و کەپریــان دروستکردبوو.

لــەوێ زۆر خەریکــی خوێندنــەوە و بیرکردنــەوە بووم لــە کوردایەتــی و پاســۆکایەتی. زۆر جــاران کاک ئــازادم

وه گیـروگاز دەهێنـا تـا بزانـم کوردایەتی چۆنـە و چییە! سۆشـیالیزمەکەی پاسۆک چ جۆرێکە! دەمویست بزانم هەر ئەوەیـە کە من لە کتێبە مارکسـی و لینینیەکان و ئەدەبیاتی پرۆلیتاریـا خوێندومنەتەوە! ئایا هەر لەو بێسـەروبەرییەی کاژیکە! یان ئەمان باشـتر بۆی چوون و پێیان شـوورەیی نییە بڵێن هەر هەمان ئەوەی کۆمۆنیستەکانە. ئەنجام، هیچم لە کاک ئازاد هەڵنەکراند. تەنانەت شەوێکیان لێم تووڕە بوو و وتـی؛ تۆ سـواری کۆڵم دەبیت! دیـارە هیچمان ناهەقمان نەبوو. من گەنجێکی خوازیاری زانیاری و کوردایەتی بووم و ئەویشـم بـە تاکە مەرجـەع دەزانی لەو شـاخ و دۆڵەدا، کاک ئازاد جگەلەوەی سـکرتێری پاسـۆک بوو و کاتی کەم بوو، ٪۹۹ی ئەدەبیاتی پاسـۆک خۆی دەینووسـی، کەسێک بـوو بە هێمایەکـی کوردایەتی دادەنرا، بـەڵام نەک وەڵامی پرسـیارەکانی منی بەتـەواوی نەدەزانی! بەڵکو کەسـی تر وەڵامـی لانەبوو. دەبێت لێرەدا باسـی ئـەوە بکەم کە کاک ئازاد سـەرباری ئەوەی لەژێر باندۆری مەکیاڤیللیزمدا بوو، کەسێکی زۆر میهرەبان بوو و هەر بۆ رۆژی دوایی ئاشتی کردمەوە. رۆژی دوایی کە نۆرەی من و پێشمەرگەیەکی تر بـوو خواردنی بارەگا دروسـتبکەین، کترییـەک ئاوی گەرم بە قاچمدا رژا و زۆر ئازارم گەییشـت. کاک ئازاد کە چاوی لـە رووداوەکە بوو بە هەڵەداوان گەییشـتە فریام و تیماری قاچمـی کـرد و ماوەیەکی زۆر لام مایـەوە.. بەدەم تیماری قاچمەوە باسـی جۆرەکانی ئازاری بـۆ دەکردم و دەیگوت ئـازاری منداڵبوون و سـووتان خراپترین ئـازارن.. هەڵبەت لـە پزیشـکی و برینپێچیدا شـارەزابوو چونکـە پەیمانگای

برینپێچیی تەواو کردبوو، ماوەیەکیش لە نەخۆشخانە کاری کردبوو.

هەرچۆنێـک بێـت، ئـەوەی پێی گەییشـتم ئـەوە بوو کە کـەس نازانێت کوردایەتی چییـە، چۆنە و پێناس و پایەکانی چین.. بۆم روون نەبووەوە لە نێوان کوردستان و کورد بۆ کوردایەتی کامیان گرنگترن! خەڵکەکەی یان خاکەکەی.

واز لـە خـاک دێنم و دێمە سـەر خەڵکەکـەی و مرۆڤی پاسۆکی، یان مرۆڤی کورد. مانگی (پێموابێت) هەشتی ١٩٨٧ بـوو، کە من چوار پێنج مانگێک بوو بووبوومە پێشـمەرگە، کوڕێکـی گەنج هـات بـۆ دەرەوە (سـەرەوە). تەمەنی هەر شـازدە سـاڵێک دەبوو. رۆژانـە چپەیان بۆ دەکـرد، فێری دەمانچـە تەقاندنیـان دەکـرد. مـن گومانـم کردبـوو کـە سـەری ئەم مێرمنداڵە شـازدە سـاڵییە دەدرێت بە فەتارەدا و دەیانەوێـت یەکێکـی پێ بکوژن! رۆژانە زۆر قسـەم بۆی دەکرد، بەڵام دیاربوو بۆ ئەو، چپەکانی ئەوان و دەمانچەکە گرنگتر بوو. مێرمنداڵەکە بە دەمانچەوە رۆیشـتەوە بۆ شار، گەییشـتەوە سلێمانی و نەگەییشت بە دەمانچە بۆرەوە گیرا! مێرمنداڵەکە ئەشـکەنجەی زۆر درا. مێرمنداڵەکە لەسـێدارە درا.. ئـەم مێرمنداڵـە، ئەگەرچی کەوتە دەسـت کەسـانێکی نـەزان و تاوانبـار، زۆر ئازایانە بەرەوڕووی ئەشـکەنجەی بێوێنەی بەعسـییەکان بـووەوە و تەنانەت وەک دەڵێن یەک دۆلکەی شووشـەی لەسەری توێژەرەکەی ئەمنی سلێمانیدا لـە کاتـی تۆژینەوە و ئەشـکەنجەدا شـکاندووە! کەسـێکی وا، گـەر راهێنان و ئاڕاسـتەی باش بکرایـە و نەکەوتایەتە

دەست کەسانی نەزان و تاوانبار، کاری دەیان و سەدان پێشمەرگەی دەکرد. بەڕاستی ئەوەی ڕۆژێک لە ڕۆژان کوردایەتیی کردبێت هەم گوناحە و هەمیش قوربانی.

ئەمە و خۆکوشتن (یان کوژران)ی کامەرانی ماملێ کە پێشمەرگەیەکی تری پاسۆک بوو و چیرۆکێکی ترە، یەکێکە لە داخەکانی ئەو کاتانەی تەمەنم، کە هەرگیز بیرم ناچنەوە. بەهۆی ئەم مێرمنداڵەوە بۆم دەرکەوت کە کوردایەتی بەهای مرۆڤی کوردی لانییە! لاوێکی لەو شێوەیە، بەبێ ئەوەی تەنانەت تەمەنی یاسایی تەواو کردبێت و بەبێ ڕاهێنانی پێویست بەو شێوەیە کۆتایی پێبهێنرێت. دەبێت ئەم بێ بەهاییەی مرۆڤی کورد بەلای کوردایەتییەوە بەهۆی هەمان دروشمی بەناوبانگی کوردایەتی بێت کە دەڵێت کوردستان یان نەمان و نەیگوتووە کورد یان خەڵکی کوردستان یان نەمان!

کوردایەتی تەنانەت ڕێزی هێما کاریزماییەکانی خۆشی نەگرتووە و ناگرێت. لێرە سەرکردەی خێڵ و بنەماڵەکان دەچنە دەرەوەی ئەم بێڕێزییە لە بازنەیەکی دیاریکراوی کوردایەتیدا، چونکە خودی کوردایەتی خێڵایەتی و بنەماڵەییەتییە. دڵدار، خاوەنی مارشی نەتەوەیی کوردە و ئەم مارشە هەر لە سەرەتای دروستبوونییەوە، کوردایەتی بەکاری هێناوە و پیرۆزترین سروودی کوردایەتییە.. هەموو ڕێزی کوردایەتی بۆ ئەم دڵدارە ئەوە بوو کە بەهۆی دەستکەوتێکی بازرگانییەوە گۆڕەکەی لە هەولێر لاببەن و لەشوێنیدا مۆڵێکی بازرگانی دروستبکەن! گۆڕەکەشی بگوێزنەوە بۆ کۆیەی زێدی خۆی و لەوێش چەند جارێک

سـووکایەتی بە گۆڕەکەی کـرا و کێلەکانی شـکێنران! ئەم کارەسـاتەی دڵـدار و گواسـتنەوە و سـووکایەتیپێکرنی گۆڕەکـەی بـەراورد بکەن لەگـەڵ جوولەکـەکان کە چۆن باڵەخانەیەکـی گەورەیـان کڕییـەوە و رووخاندیان، چونکە ئێسـک و پروسـکی چەنـد جوولەکەیەکـی لەژێـردا بوو و گەڕاندیانەوە بۆ ئیسرائیل!

ئەو مێرمنداڵە نموونەی هەزار یان دەیان هەزار قوربانیی تری کوردایەتییە. نموونەی پێشـمەرگەی شەهید زۆرن کە تەمەنی پێشمەرگایەتییان چەند رۆژێکە یان هەفتەیەکە. بەبێ راهێنانی پێویسـت کراون بە گەروی ئاگر و ئاسـنی تورک، فارس و عەرەب و هەندێکجاریش کورد خۆیدا، بەبێ ئەوەی کوردایەتـی پەیی بەوە بردبێـت کە ئەمانە مرۆڤی کوردن و نابێت بەم شـێوەیە کۆتاییان پێبهێندرێت. تەنانەت لە شەڕی داعشیشـدا کوردایەتـی هەمان کارەسـاتی بەسـەر مرۆڤی کـوردا هێنا و هەزاران پێشـمەرگە بەهۆی نەشـارەزایی و نەبوونی راهێنانەوە تیاچوون و نزیکەی دە هەزارێکیشـیان برینـدار و کەنەفـت بـوون، کوردایەتـی هـەر ئاوڕیشـیان لێناداتـەوە مەگەر ئەوانەی لەناو بازنەی خێڵ و بنەماڵەدابن. لـەم رووەوە تاڕادەیـەک پەکەکە و لایەنەکانـی تری نزیک یان سەر بەو (پەیەدە و پژاک)، هەنگاوێکی باشیان بڕیوە و هیچ گەریللایەک بەبێ راهێنانی پێویسـت نانێرێتە شەڕەوە.. بەڵام دیـارە پەکەکە هەندێک لە قوتابخانەی کوردایەتی یان قوتابخانـە کلاسـیکەکە لایـداوە و لە زۆر لایەندا شـێوازی تایبـەت بەخـۆی پەیـڕەودەکات و شـایەنی ئەوەیـە کـە هەڵوەستەی لەسەر بکرێت.

هەر لە باسـی مرۆڤ و پێشـمەرگایەتییەوە، دەبێت ئەوە بڵێم زۆرێک لەوانەی کە بوونە پێشـمەرگە، چ لە رۆشـنبیر، نەخوێنـدەوار و تەنانـەت سەرسـەری و شـەللاتییەکانی شـارەکانیش، شـەهیدیش بـوون هـەر نەیـان زانـی بۆ و کوردایەتی چییـە! زۆرێک تەنها لەبەرئەوەی حەزی بە بێ-یاسایی، بە چەک و سەرکێشی و ئەمسەر و ئەوسەر بوو! بوو بە پێشمەرگە. هەیە دەیان ساڵ پێشمەرگە بووە، کوردایەتی دوو وشـەی فێـر نەکـردووە. تەنانـەت خوێندەوارەکانـی شـاریش جگە لە بار بۆ گوندییەکان، هیچ شتێکی ئەوتۆیان فێری گوندییەکان نەکرد. لە نووسـینێکی ترمدا باسی ئەوەم کردووە، کـە تەنانەت نەیانتوانی گوندییـەکان فێری توالێت دروسـتکردنیش بکـەن.. من تـا کۆتایی هەشـتاکان لە هیچ ماڵێکی گوندێکی کوردسـتاندا ئاودەسـتم نەدیوە. پیاوان بۆ مزگەوت و ژنانیش لە کانیی ژناندا کاروباری سەرپێشـاوی خۆیان جێبەجێ کردووە.

کوردایەتی بەهای مرۆڤی کوردی لانەبێت و خاوەنی تاکە بستێک خاکیش نەبێت، ئەدی دەبێت کاری بۆ چی کردبێت.

کوردایەتی سـنووری نییە، زۆر لاسـتیکی بووە. هەرگیز نەیگوتـووە چی بکرێـت و چی نەکرێت! هـەر لەو رووەوە چونکـە هێڵی سـوور لە ناو کـوردا نەبـووە، کوردایەتیش نەیزانیوە هێڵی سوور چییە.

هێڵـە سـوورەکان لـە سـنووری بنەماڵە، تیـرە، هۆز و ناوچەکانـدا بوونیـان هەبـووە. بەڵام هەرگیـز لەناو کوردا گشـتگر نەبـوون و هـەر ئەوەشـە کـە دانەبەزیوەتـە ناو

کوردایەتییەوە.

بۆ نموونە لە شوێنێکی وەک شارەزوور یان خۆشناوەتی کــچ هەڵگرتــن تابــوو بــووە. بەدرێژایــی مێــژوو لەوانەیە هەزارانی لەسەر کوژرابێت. کەچی لە شوێنێکی وەک پشدەر تا ســاڵانێک لەمەوبەر و لەوانەیە تائێستاش ئاسایی بووە و ڕەدووکەوتن بەشێکی پڕۆسەی هاوسەرگیری بووە، واتا نە بڤە بووە و نە هێڵی سوور.

هێڵــی ســوور، دروســتکەری ئاییــن و ئایدۆلۆژیاکانــە. تەنانــەت دروســتکەری کەســایەتیی مرۆڤەکانیشــە. ئەڵێن ئــەو کەســە خــووی وایــە، واتە ئــەوەی پێ خــۆش نییە و هێڵی ســوورە یــان ئەوەی پێ باشــە و هێڵی ســەوزە یان ســوور نییە. لە ئایینی ئیســلامدا زانینی حەرامەکان زۆر لە حەڵاڵەکان گرنگترە. لەنێوان ڕەگەزەکاندا بۆ نموونە یەک لە هێڵە ســوورەکانی تۆرانییەکان دژایەتیی کوردە. ئیتر لەهەر شــوێنێک و بەهەر شێوازێک بێت.. هەر لەم ڕوانگەیەوە من گومانیشــم لەو نووســەرە تورکانەش هەیە کە گوایا لەگەڵ دۆزی کورد و جیابوونەوەی کوردن لە ســنووری سیاسیی تورکیای ئێستا، تورک هێڵی سوور خۆی تێناپەڕێنێت.

بەهۆی نەبوونی هێڵی سوورەوە ناتوانرێت بە کوردایەتی بگوترێت ئایدۆلۆژیا یان فەلســەفە کــە وەک کاژیکنامە ڕای وابوو.

پــاش ڕووداوەکانــی ٣١ی ئــاب، دیســان کوردســتان لەلایەن بەعســییەکانەوە داگیرکرایەوە، بووە هۆی شەڕێکی براکوژیی وێرانکەر و ئێســتاش شوێنەواری ماوە و سەدان پێشــمەرگەی تێــدا بێسەروشــوێن بــوون! ڕووداوەکانــی

١٦ی ئۆکتۆبـەری ٢٠١٧ بـووە هـۆی لەدەسـتدانی نیوەی خاکی باشـووری کوردستان، سـەرلەنوێ ئەنفالکردنەوەی خورماتوو و ناوچەکانی دەوروبەری، لەدەسـتدانی سەدان کەس و لاقەکردنی زۆرێک ئافرەتی کورد لەلایەن عەرەب و تورکمانــەوە. ئەم رووداوانە گەورەترین تەنز و گاڵتەوگەپی لەسـەرکرا لەسـەر تۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان لەلایەن خودی کـوردەوە. ئەم تەنز و گاڵتەوگەپانە بەهـۆی نەبوونی هێڵی سوورەوە بوو! گەر هێڵێ سوور ببوایە یان بمانزانیایە، چۆن دەبێت کوردێک بە تەنز و گاڵتەوگەپەوە باسی کارەساتێکی وا گەورە بکات.

هێڵــی سـوور پابەنـدە بـە کۆمەڵێـک داب و نەریـت و خووڕەوشت و بنەما مۆڕاڵییەکانی کەسانێک، بنەماڵە، هۆز، رەگــەز و نەتەوە. هەندێک جار بۆ کیشـوەرێک یان کۆمەڵە رەگــەز و نەتەوەیەکیـش بڵاودەبێتــەوە. ئەم هێڵە سـوورە تێپەڕاندنی ئاسان نییە، سەرئەنجامی تێپەڕاندنی دەبێتەهۆی کێشــەیەکی کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسـی و زۆرجاریش جەنگــی گــەورەی لێدەبێتەوە. بـۆ نموونە کە کـورد داوای ســەربەخۆیی لــە تورکیـا دەکات، ئەمــە تێپەڕاندنــی هێڵی ســووری تورکە بۆ تێکشکاندنی کلتوور و ئابووریی تورک. هەربۆیــە بەدرێژایــی چەندین ســەدەیە تورکــەکان بە هەر نرخێک بێت هەوڵی پاراســتنی ئەو هێڵە دەدەن و لێناگەڕێن کورد تێی بپەڕێنێت. لەبەرامبەردا خودی کورد خاوەنی ئەو هێڵە نییە بۆیە ناتوانێت هێڵێ سووری تورکان تێبپەڕێنێت.

رۆژی ١٧ی ژولایــی ٢٠١٤، فڕۆکەیەکی گەورەی پڕ لە سەرنشین لە ئامستەردامەوە بۆ کوالالامپور فڕی، گەشتەکە

ژمارەی MH17 بوو و لە ئاسـمانی ئۆکرانیا بە موشـەکێک خرایەخـوارەوە. زۆرتر لە دووسـەد کەسـی تێدا مردن کە زۆربەیـان هۆڵنـدی بـوون. کارەسـاتێکی گـەورە بوو بۆ هۆڵندا و ململانێیەکی دیپلۆماسـیی توندی لەگەڵ رووسیادا لێکەوتـەوە کە تا ئێسـتاش (٢٠١٨) بەردەوامە. هۆڵندییەکان زۆر باش هێڵی سـوور دەزانن چییە و لێناگەڕێن بە ئاسانی تێبپەڕێنرێت. هەر لـە یەکەم رۆژەوە رایانگەیاند کە بۆ هیچ کـەس، لایـەن، کابەرێچییەک نییـە بە تەنزەوە یان لەسـەر سۆشـیاڵ میدیـا گاڵتەوگەپـی لەسـەر بکات.. بـەراووردی کارەسـاتە مەزنەکـەی ١٦ی ئۆکتۆبـەری لەمـەڕ خۆمـان و رووداوی ١٧ی ژولایـی هۆڵنـدا بکـەن و سـەیرێکی ئەو تەنز و گاڵتانەش بکەن کە خۆمان لەو رۆژانەدا و ئێسـتاش بەخۆمانی دەکەین.. سـەیری ئەو هەموو تەنز و گاڵتەوگەپە کوردییانە بکەن کە لەسەر کارەساتی ٣١ی ئاب کراوە کە چ ماڵوێرانییەکی بۆ باشووری کوردستان هێنا و چەند مرۆڤی کوردیشی کردە قوربانی!

هێڵێکی سووری تری هۆڵندییەکان بنەماڵەی پادشای ئەو وڵاتەیە. ئەو بنەماڵەیە لە جەنگی جیهانیی دووەمدا رایانکرد و وڵاتیـان جێهێشـت بـۆ ئەڵمانییـەکان و وڵات کاولکبوو. گەڕانـەوە و چوونـەوە سـەر تەختـی پاشـایەتی! کەچـی یاسایەک لەم وڵاتەدا هەیە و ئەو بنەماڵەیەی کردووەتە هێڵی سـووری هۆڵندییەکان و کەس بۆی نییە و هەر بەڕاستیش زۆریان نایانەوێت هیچ جۆرە تەنز و گاڵتەوگەپێکیان لەسەر بکـەن.. بەراووردێکی ئـەو هەموو سـووکایەتییەی خودی کـورد بکەن بـە سـەرکردەکانی خۆیـان! مـن هەندێکجار

هەندێـک تەنـز لەسـەر سۆشـیاڵ میدیـا دەربارەی شـێخ مەحمـود و مەلا مسـتەفا و مام جـەلال و ئەوانی تر دەبینم بەزەییـم بە هەموو شـتێکی خۆماندا دێتەوە. دیارە سـاتیر و تەنز لەسـەر هەر سـەرکردەیەک کـراوە، دۆناڵد ترەمپ لەم دواییەدا بەشـی شـێری ئەو سـاتیرانەی بەرکەوتووە، تەنانەت زۆرترینیان لە خودی ساتیرنووسـە ئەمریکییەکان بـووە، بـەڵام هەرگیز ئەمریکییەک بەهۆی ئەو سـاتیرانەوە شـکۆی وڵات و شـانازییەکانی داناڕووخێنێت وەک ئەوەی شوێنکەوتەکانی کوردایەتی دەیکەن. هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەو سـاتیرانەی ئەوان بەشێک نابن لە هێڵی سووری نەتەوەییان و بەشێکی گرنگە لە شانازیکردنیان بە سەربەسـتیی دەربڕین کە پایەیەکـی گرنگی نۆڕم و بەهای کۆمەڵگەی خۆرهەڵاتییە.

کوردایەتی لە هیچ شـوێنێکدا نە هێڵی سـوور و نە هیچ رەنگێکـی تـری جیانەکردووەتـەوە. بـێ چوارچێوەیە. هیچ رێسـایەکی نەبووە. گرنگترینی ئەوانەی کردوویەتی تفەنگە شـڕێکی داوەتە دەسـت مرۆڤێکـی کورد و بەبـێ راهێنان ناردوویەتییـە شـەڕەوە و بـە کوشـتی داوە.. جارێک پێی گوتـووە برۆ ئۆتۆنۆمی یـان خودموختاری بەدەسـتبهێنە. جارێـک سـەربەخۆیی، جارێـک فیدراڵـی. جارێـک رەوی پێکـردووە و گفتوگـۆی لەگـەڵ داگیرکەرانـدا کـردووە، دیسـانیش کەوتووەتـەوە شـەڕ.. جارێـک ریفراندۆمـی پێکردووە و پاشـانیش سڕیکردووە و... جارێک پردی نێوان کەرکـوک و هەولێـری پـێ رووخانـدووە، جارێکیـش پێی دروستکردووەتەوە و ئاهەنگی پێگێڕاوە..

هاوینی ١٩٩١ (ڕۆژەکەییم دروست لای خۆم نووسیوە، بەداخەوە جاریٚ بۆم نەدۆزراوەتەوە)، لەگەڵ ئەندامێکی سەرکردایەتیی پاسۆک، بەناوی سەرکردایەتیی پاسۆکەوە بەشداریی کۆبوونەوەیەکی سەرکردایەتیی بەرەی کوردستانیم کرد لە شەقڵاوا. کۆبوونەوەکە کە دڵنیام ئێستا مەحزەری دانیشتنەکەی هەر ماوە، لە ژێر ناوی پاسۆکدا ئیمزای منی پێوەیە. لەم کۆبوونەوەیەدا هەموو سەرانی کورد لە باشوور تێیدا بەشداربوون، بۆ من زۆر تازە بوو لە کۆبوونەوەیەکی وا و لە ئاستێکی واهیدا نوێنەرایەتیی پاسۆک بکەم! تەمەنیشم لە تەمەنی هەموو بەشدارانی کۆبوونەوەکە نەک کەمتر بوو، بەڵکو زۆر کەمتر بوو. کۆبوونەوەکە زۆرتر بۆ ئەوە بوو کە وەفدێکی کورد بچێتە بەغدا، پاش یەک سەعات کۆبوونەوە (بەدەم میوەخواردن و نوکتە گێڕانەوەوە) بڕیاری ئەوە درا کە وەفدێک بە سەرۆکایەتیی سامی عەبدولڕەحمان کە خۆشی بەشداریی کۆبوونەوەکەی دەکرد بچێتە بەغدا. کۆبوونەوەکە هیچ پلان و نەخشەڕێیەکی بۆ وەفدەکە دانەنا و بڕیار نەدرا کە دەچنە ئەویٚ چی بکەن و چی بڵێن! تەنها ئەوەیان پێگووترا کە بچن و بزانن ئەوان چی دەڵێن! ئەمە نموونەیەکە کە بەبەرچاوی خۆمەوە روویداوە و مشتێکە لە خەرمانی گفتوگۆکانی کورد لەگەڵ بەغدا! کوردایەتی بەو شێوەیە گفتوگۆی کردووە.

ناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی بیست، ئەوکاتی پەکەکە کەوتە هەڵگیرساندنی شەڕی پارتیزانی لە دژی تورک، سەرباری ئایدۆلۆژیا چەپە-"ستالینی"یە نەتەوەییەکەی،

بەشێوەیەکیش لە شێوەکان لەژێر باندۆری کوردایەتیدا بوو. چەکدارەکانی ناوی پێشمەرگە بوو، ئەوانەی لە بنکەکانی راهێنان دەردەچوون بە ئاڵای کوردستان سوێندیان دەخوارد، هەمان ئەو ئاڵایەی کە ئەمڕۆ لە باشووری کوردستان ئاڵای فەرمیی هەرێمە و دەیگەڕێننەوە بۆ کۆماری کوردستان لە رۆژهەڵات.. پەکەکە و پارت و لایەنەکانی تری سەربەو لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا هەر زوو بە کوردایەتیدا چوونەوە، ناوی پێشمەرگەیان کردە گەریللا کە ناوێکی کوردی نییە، ئاڵای کوردستانیان لابرد و لەجێیدا ئەو سێ رەنگەیان دانا کە وەک دەگوترێت ئاڵای دەوڵەتی مادە. بۆ هەر کارێکی شۆڕشگێڕی، سیاسی و کۆمەڵایەتی رێسا و پەیڕەویان دانا. تەنانەت گەریللاکانیشیان یەک جۆر پێڵاو و بە یەک جۆر قەیتانەکانیان دەبەستن.. ئەمە بووە هۆی ئەوەی کە ئێستا لە کوردستاندا دوو قوتابخانەی دژبەیەک هەبێت. قوتابخانەی کوردایەتی (نارێکخراو) کە لە باشوور و رۆژهەڵات، پارتەکانی وەک پارتی، یەکێتی، دیموکراتەکان، کۆمەڵەکان، گۆڕان و ئەوانی تر رابەرایەتیی دەکەن. لە بەرامبەریشدا پەکەکە و ئەوانی تری سەربەو کە قوتابخانەی چەپی-"ستالینی"ی نەتەوەییان هەیە و تاڕادەیەک (رێکخراو - یان لە هی کوردایەتی رێکخراوتر)ە و هەردووکیشیان دژبەیەکن. لەبەرامبەر ئەم قوتابخانەیەی پەکەکە، قوتابخانەی کوردایەتی زۆر پاشەکشەی کردووە، چ لە رووی بیر، سەربازی، شوێنکەوتەی جەماوەری و زۆری ترەوە.. هەر یەکەشیان خۆی بە رزگارکەری مرۆڤی کورد و خاکی کوردستان دەزانێت. قوتابخانەی کوردایەتی

دەکرێـت بگوترێت لــە باکوور و ڕۆژاوادا هیــچ باندۆرێکی ئەوتــۆی لەســەر کۆمەڵگەی کوردی نەمــاوە. لێرە و لەوێ دەنگێکیان دەبیســترێت بــەڵام ئەوانە جگە لــە فەرمانبەری لایەنــە بەدەســتەکانی قوتابخانــەی کوردایەتیــی باشــوور زۆرتر هیچی تر نین. هەرچی پەکەکەیە، جگە لە دەستەڵاتی تــەواو لە باکوور و ڕۆژاوا، کاری سیســتەماتیکی زۆری لە ڕۆژهەڵات، باشــوور و تەنانەت لە خۆراسانیشــدا کردووە و جێپێگــە و بانــدۆری زۆر بەرچــاوی هەیە بــە تایبەت لە هەرێمەکانی بادینان و قەندیلی باشووری کوردستاندا.

هەموو ئەو ڕووداوانەی بەهۆی ناجێگیری و پەڕتەوازەیی و گەڕەلاوژێیی بیری کوردایەتییەوە دروستبوون، کارێکی وای کــردووە کە بیری کوردایەتیی کلاســیک لــە بەرامبەر بیری چەپی-نەتەوەیی کــە پەکەکە ڕابەرایەتیی دەکات زۆر بچێتە دواوە و هەڕەشەی لاوازترکردنیکوردایەتی دەکات.

ئێســتا (٢٠١٨) لە باشــووری کوردستان لە ژێر حوکمی کوردایەتیدا ناڕەزاییەکی زۆر هەیە، پاشاگەردانیی ئابووری، کۆمەڵایەتــی، نەتەوەیــی، زمــان، هونەر، مــۆڕاڵ و هەموو لایەنــە گرنگەکانی گرتووەتەوە. ئەوەی جێی ســەرنجە ئەو دەنگــە ناڕازییانە ناتوانن پێکەوە کارێکی پێکەوەیی بکەن بۆ باشتربوونی ڕەوشەکە.. ئەمە خاڵێکی گرنگە کە دەیسەلمێنێت کوردایەتــی خــۆی لەخۆیــدا ســەرکوتکەرە و کۆمەڵگــەی کوردیشــی بەتــەواوی بێهیوا کردووە.. بــەم کوردایەتییەوە ئاسوودەیی بۆ مرۆڤی کورد ناگەڕێتەوە، مەگەر دیفاکتۆیەک بەرژەوەندیی نێودەوڵەتی ئیعتیبار بۆ کوردایەتی بگەڕێنێتەوە

و بیکاتە خاوەن کیانێـک لە ناوچەکەدا. گرنگە بزانرێت، ئایا کوردایەتی بەو بێ بنەماییە و هەڵە و کارەسـاتە گەورانەوە دەتوانێت پارێزگاریی لەو کیانە بکات؟

پرسیارە گەورەکەی تر لێرەدایە، نەمان یان لابوازبوونی کوردایەتی و باڵادەستیی ئایدۆلۆژیای رەوت ئاپۆیی دەبێتە خۆشـگوزەرانیی مرۆڤی کورد و سـەربەخۆیی کوردستان! ئایـا ئایدۆلۆژیـای ئاپـۆ و پەیڕەوکەرانی لـە فۆبیا و گرێ دەروونییەکانـی فارس، تـورک و عەرەب تێگەییشـتووە و وەک پێویست کاری بۆ دەکات؟

ئەم وەڵامە بۆ تۆ جێدێڵم.. تەنها ئەوەندە دەڵێم سەیرێکی گـۆڕی ئەوانـە بکەن کە لە بەرخۆدانی باکـوور و رۆژاوادا گیانیان سپاردووە و بە چ شێوەیەک لەلایەن هەڤاڵەکانیانەوە رازێنراونەتـەوە و رێزیـان لێدەگیرێـت! بەراوردێکیشـی بکەن لەگەڵ گۆڕە بێناز و فەرامۆشـکراوەکانی شـەهیدانی کوردایەتـی، کە بۆیەی دروشـمی کوردسـتان یـان نەمانی لەسەر کاڵبووەتەوە!

هیـوادارم گفتوگۆی ئەو بابەتانـەی خوێندتەوە لەگەڵمدا بکەی، بەڵکـو بەهەمووومان بیرازێکی گشـتگری کوردایەتی بکەین. یان پاکی کەین، یان چاکی بکەین..

٢٠١٨-٠٨-٢٢

## دەربارەی دانەر



هاوڕێ باخەوان

### ژیاننامە

ناوی تەواوم (هاوڕێ قادر ڕەسوڵ) ە.
ڕەوانشادی باپیرم (ڕەسوڵە خڕە) لە بیستەکانی سەدەی بیستەوە پاش لەدەستدانی تەواوی بنەماڵەکەی لە ڕووداوێکدا لە پشدەرەوە هاتووەتە سلێمانی. بژێویی ژیانی خۆی و خێزانە گەورەکەی بە وەستاییی خشت و قوڕکاری و باخەوانی دابین کردووە.
ڕەوانشادی باوکم وەستا قادر ڕەسوڵ مەحمود لە سلێمانی لەدایکبووە و ماوەیەکی زۆر وەستای بیناسازی

و پاشــان بەڵیندەرایەتیی کــردووە. زۆرێک لە گەرماوەکانی سـلێمانی و سـینەمای دڵشــاد ئەم درووســتی کــردووە. بەداخەوە لە ژیاندا نەماوە.

دایکــم خاتــوو قومــری شــەمەییش هــەر لە سـلێمانی لەدایکبووە. ڕەوانشادی باوکی (حەمە شەمەیی) لە سییەکانی سەدەی بیســتەوە لە شــارەزوورەوە هاتووەتە سلێمانی و پیشەی کوتاڵفرۆشی و بازرگانی تووتن بووە.

لە ڕۆژی ٢٨ی فێبریوەریی ســاڵی (١٩٦٦ز.) لە گەڕەکی (گۆیژە)ی شاری سلێمانی لەدایکبووم.

## شوێنی نیشتەنی و باری خێزانی

ڕۆژی ٥ی مارتــی (١٩٩٢ز.) وڵاتم بەجێهێشــت و بەرەو سووریا و پاشان لوبنان کەوتمەڕێ و لە کۆتایی ئەوساڵەدا لە وڵاتی هۆڵاند گیرســامەوە. لەوکاتەوە لەگەڵ (بەناز جۆلا) ی هاوســەرم لــەوێ دەژین و کوڕێــک و کچێکمان بەناوی (میتان و ئارتین) ەوە هەیە.

## خوێندن

- هەر لە ســلێمانی خوێندنی سەرەتایی و ئامادەیی - ڕشتەی وێژەییم تەواوکردووە.
- ســاڵی (١٩٨٤ز.) چوومەتە بەشــی یاســای کۆلیژی یاســا و ڕامیاریی زانکۆی موسڵ. ســاڵی (١٩٨٦ز.) بەهۆی بەشدارینەکردن لە ڕاهێنانی هاوینەی سەربازیی داگیرکەری

بەعـس، بۆمـاوەی ٢ سـاڵ لە زانکـۆ دەردەکرێم و سـاڵی (١٩٨٨ز.) دەستمکردەوە بە خوێندن و لە ساڵی (١٩٩٠ز.) دا کۆلیژی یاسام تەواوکردووە. هەر لە هەمان ساڵیشدا بوومە پارێزەر و پاش ماوەیەکی کەم وازم لێهێنا.

- لیسانسی ئای تی لە هۆڵندا.
- دەیـان ڕاهێنـان و بڕوانامە لـە بوارەکانی: ئای تی، بەڕێوەبردنـی زانیـاری، بەڕێوەبردنـی پـڕۆژە و پـڕۆژە ئـای تییەکانـی پەیوەندیـدار بە کاروباری یاسـایی و دادگا نێودەوڵەتییەکانەوە.

## نووسین و کاری ڕۆژنامەگەری

لـە تەمەنی منداڵیمەوە حەزم لە خوێندنەوە و نووسـینی هەڵبەسـت کـردووە، بەڵام تا ئێسـتا یەک دێـڕە هۆنراوەم بڵاونەکردووەتـەوە. هاوینی (١٩٧٨ز.) بەشـێکی ماڵەکەمان سـووتا و ئەوکاتیـش دەفتـەری شـیعرەکەی منیـش بووە خۆراکی ئاگر و ئیتر بەلای نووسینی هەڵبەستدا نەچوومەوە پاشتر دەستمکردە خوێندنەوەی چڕی مێژوویی و ڕامیاری و یەکەمیـن لێکۆڵینەوەی مێژوویی خۆمم سـاڵی (١٩٨٦ز.) نووسی. ئەو لێکۆڵینەوەیەم لە دەمەدەمی ئەنفالەکاندا لەگەڵ دەفتـەری بیرەوەریـی پێشـمەرگایەتیم لە گوندی (شـەمە) ی شارەزوور شاردەوە، بەڵام بەداخەوە پاشان لەناوچوون و هەرگیز دەستم نەکەوتنەوە.

## چالاكیی سیاسی

له ناوەڕاستی هەشتاکانەوە بوومەتە ئەندامی پاسۆک، چ وەک ڕێکخستن، چ وەک پێشمەرگە. له پاسۆکدا بەناوی (ئامانج) دەناسرام. هەندێک جار زۆر چالاک بووم و هەندێکجاریش سست، بەڵام پێش ئەوەی پاسۆک لەگەڵ هەندێک حیزبی تردا یەکبگرێت وازم له پاسۆکایەتی هێنا.

## کار


- له (۸۹۹۱ تا ۳۰۰۲ز.) له چەند کۆمپانیایەکی هۆڵندی و ئنتەرناسیۆناڵ وەک بەرنامەوان کارم کردووە.
- ماوەی (۱۲) ساڵ کارمەندی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بووم و دوا پۆستم له دادگای لاهای سەرۆکی بەشی پشتگیریی دادگا بووم.
- پاشتر بۆ ماوەی دوو ساڵ له دادگای کۆسۆڤۆ بەڕێوەبەری بەرنامەی Legal Workflow بووم.
- له ساڵی (۲۰۲۱ز.)ەوە تەواوی کاری خۆمم بۆ کوردیپیدیا تەرخان کردووە.

## له بڵاوكراوەكانم

**لێكۆڵینەوەیەک لەسەر ڕاپەڕینەکەی بەهاری (١٩٩١ز.)ی باشووری کوردستان**


چاپی یەکەم - هۆڵەندا - (١٩٩٤ز.).

چاپی دووەم – سلێمانی – ٢٠٢٣ – ژمارەی سپاردن ١٣٨٧ – چاپخانەی یاد.




**پڕۆژەی پارتی نەتەوەیی کورد**

-چاپی یەکەم - هۆڵەندا - (١٩٩٤ز.). چاپی دووەم - هۆڵەندا - (١٩٩٥ز.). چاپی سێیەم - هەولێر - (٢٠٠٢ز.) - لەبڵاوکراوەکانی ڕۆژنامەی میدیا - چاپخانەی ئۆفسێتی هەولێر.



**کوردستان... نیشتمانی یەکەمینی سۆمەرییەکانە**
چاپـی یەکـەم – هۆڵەنـدا – (١٩٩٦ز.). چاپـی دووەم – دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس – کوردستان هەولێر – چاپخانـەی وەزارەتی پەروەردە – ژمارەی سـپاردن: ٩١ – ٢٠٠٣.



**هاوڕێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد (یەکەمین کرۆنۆلۆژیای زانستی بۆ کوردستان و کورد)**


چاپی یەکەم - بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیره (١٦) - چاپخانەی ڕوون - سلێمانی - (١٩٩٩ز.).

چاپی دووەم: دەزگای پەخش: خانەی پەخش و بڵاوکردنەوەی چوارچرا




**ئاڵای کورد بۆچی نا؟! تاکوکەی؟!**

چاپی یەکەم - دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (١١٧) - سلێمانی - (٢٠٠١ز.).



**ڕۆژی شۆڕش یان ڕۆژی تیرۆر**

چاپی یەکەم - ئۆکتۆبەری (٢٠٠٣ز.) - چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری - ژمارەی سپاردن: ٣٠١ - کوردستان - هەولێر.



**وشە پەڕتەوازەکان - بەرگی ١**

سەرجەمی ١٠٠ وتار و کوورتە لێکۆڵینەوەیە کە لەنێوان ساڵانی (١٩٩٥ز.) و (٢٠٠٥ز.)دا لە گۆڤار و ڕۆژنامە و ماڵپەڕە کوردی و بێگانەکانی کوردستان و هەندەراندا بڵاوکراونەتەوە - ژمارەی سپاردنی (١٩٩٤ز.) ی ساڵی (٢٠٠٨ز.) ی پێدراوە - چاپخانەی سیما - (٢٠٠٩ز.) - کوردستان - سلێمانی.



وشە پەڕتەوازەکان – بەرگی ٢ – چاپی ئەلەکترۆنی.

وشە پەڕتەوازەکان – بەرگی ٣ – چاپی ئەلەکترۆنی.

وشە پەڕتەوازەکان – بەرگی ٤ – چاپی ئەلەکترۆنی.

ئەدەبیاتــی کاژیک – کۆکراوەی بڵاوکراوەکانی کاژیک – چاپی ئەلەکترۆنی.

**بەراووردەکانی ژیان**

پرس و ڕایەکــی بەراوردکارییە بۆ بەرەو نەتەوەییبوون
–سلێمانی – ٢٠٢٤ – ژمارەی سپاردن ١٣٠٩ – چاپخانەی
یاد.



**دەستوورم واهی خوێندەوە**

کۆمەڵێک ڕەخنە و تێبینی یاسایی، زمانەوانی و لۆجیکییە لەسەر پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان - (٢٠٠٩ز.) - چاپی ئەلەکترۆنی.


**زمانی کورد، بگونجێنە بۆ ٠ و ١**

سلێمانی – ٢٠٢٤ – ژمارەی سپاردن ١٧٦٥ – چاپخانەی یاد



**ڕۆڵی ڕووداوەکانی شنگال لە پێشخستنی دۆزی کورد**

دور احداث شنكال في تطوير القضية الكردية، ترجمة ميران حسين – مراجعة الترجمة: ڤژن كشتو بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی – سلێمانی – ٢٠٢٤ – ژمارەی سپاردن ١٩٤٤ – چاپخانەی یاد



**من و کوردایەتی سـەرەتایەک بۆ گفتوگۆی ئەفسانەکانی کوردایەتی)**
(۲۰۱۸ز.) - چاپی ئەلەکترۆنی.

لە دەیان پڕۆژەی ئەرشیڤیی گەورەدا بەشداریی سەرەکیی کردووە و لە بڵاوکراوەکانی کوردیپیدیادا پەخشکراون.

هەروەها زۆرێک وتار و کوورتە لێکۆڵینەوە کە لە ڕۆژنامە و گۆڤار و ماڵپەڕە کوردی و بیانییەکاندا لە (١٩٩٥ز.)ەوە تاوەکو ئێستا بڵاوکراونەتەوە.

**پەیوەندی**


http://www.bakhawan.com
https:www.kurdipedia.org
hawreh@msn.com
0031654710293